هاوڵان

ملکەچی و خۆشەویستیان بۆ
پێغەمبەر

کاروان کەمال الکردي

١٤٤٢هـ

بسم الله الرحمن الرحيم

هاوەڵان، ملکەچی و خۆشەویستیان بۆ پێغەمبەر ﷺ

ناسنامەی کتێب

ناونیشان: هاوەڵان ملکەچی و خۆشەویستیان بۆ پێغەمبەر

نووسەر: کاروان کمال الکردي

نەخشەسازی: عبادالرحمن

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەكی

إن الحمد لله، نحمده ونستعينه ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا وسيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله.

قَالَ تَعَالَى:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ١٠٢ ﴾ آل عمران [١٠٢]

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ١ ﴾ النساء [١]

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ٧١ ﴾ الأحزاب [٧٠، ٧١]

أما بعد

بەئەركی سەرشانم زانی ئەگەر بە چەند لاپەڕەیەكی كەمیش بێت لەسەر باشترین و چاكترین كەسانی نێو ئوممەتی ئیسلام بكەم كە ئەویش هاوەڵانی پێغەمبەرن صلى الله عليه وسلم وە هەندێ نمونە لەملكەچی باشترین سەدەكانی ئیسلام بۆ موسڵمان لەئێستادا بخەمە ڕوو وەلەو ئەگەر بێت بەمجلدات بنوسین ناتوانین باس لەوە بكەین ئەوان چۆن خزمەتیان كردووە وە چۆن ملكەچ بوون بۆ فەرمانەكانی پێغەمبەر.

زۆر گرنگە موسڵمان ئەوانە بناسێت کەوا بەخوێنی خۆیان ئیسلامیان پێگەیاند بەماڵ و منداڵ خۆیان کردە قوربانی في سبيل الله چەند نمونەو هەڵوێستێکی جیا لە گوێ ڕایەڵی ئەوان بەسە بۆ تۆ کەوا بزانیت ئێمەو ئەوان چەند لێک دوورین.

داخی گرانم زۆربەی موسڵمان نەك سیرەو ژیانی سەلەف و هاوەڵان بگرە ژیانی پێغەمبەرەکەی خۆیان نازانن ، بۆیە ئێمەش هەوڵ ئەدەین ، وەک سەلەف نەوەکانمان فێری خۆشەویستی هاوەڵان بکەین ، چونکە ئەوان منداڵەکانیان لەسەر خۆش ویستنی ئەبوبکر و عمر پەروەردە دەکرد.

ناکرێت ئێمە نەزانین کاتێ ئایەت دادەبەزی ، یەکەم هەنگاو ئەوان گوێ ڕایەڵ وە ملکەچیش دەبوون، ئەوەتا ئیمامی عمر ئەبو بکر الله لێیان ڕازی بێت کە ڕازی بوو منافسەیان بوولەسەر ئەوەی کامیان زیاتر ملکەچ بێت یەکێکیان هەموو ماڵی دەبەخشی و دەیفەرموو من تەنها خواو پێغەمبەرەکەیم بۆ ماڵ و منداڵم جێهێشتوە ! ئەوەیە ملکەچی و گوێ ڕایەڵی!

باسکردنی و ناسین و شارەزابوون بە هاوەڵان یەکێکە لەباسە اعتقادیەکان ، واتە عقیدەیە ، چونکە لەزۆربەی زۆری کتوبە عقیدەییەکان و نامیلکەکانیان (باسێکیان تایبەت کردووە بە داننان بەوەی باشترین و چاکترینی ئوممەتن) بەیارمەتی خوای تبارك وتعالى بەووردی باس لەوە دەکەین...

وە لەڕێگەی فێربوون لەژیان و بەسەرهاتەکانیان فێری کۆمەڵێک باسی زۆر گرنگ دەبیت لەوانە:

١. خۆشەویستی بۆ دین
٢. ملکەچ بوونی فەرمانی الله و ڕەسولەکەی
٣. گیانفیدایی بۆ سەرخستنی دین
٤. الولاء والبراء
٥. بەخشینی ماڵ لەپێناو الله عز وجل
٦. پشت کردن لەدونیاو ڕووکردنە قیامەت
٧. برایەتی ئیمان لەنێوان موسڵماناندا ، چەندان شتی تر...

وەك چۆن [ژیاننامەی پێغەمبەر] گرنگە بەهەمان شێوە شارەزابوون و ناسینی هاوەڵان یەکێکە لەپلە بەندییەکانی دین و گرنگی خۆیی هەیە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کتێبەکانی زانایان ، وەك [طبقات الکبری، حلية الأولياء، تأريخ البغداد، سير أعلام النبلاء، البداية والنهاية، هتد..] دەبینین دوای باسکردنی

ژیاننامەی پێغەمبەر ڕاستەوخۆ دێنە سەر ژیان و باسکردن و ناساندنی هاوەڵانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم.

پێویستە لەسەر موسڵمان بزانێت کە ئەوان تاکە سەرچاوەن دوای پێغەمبەر ، ئەوان شارەزاترین چین بەهەموو باس و بابەتەکانی دین ، ئەوان زاناترینن بەقورئان لەهەموو چینەکان ،زاناترینن بە فەرموودەو سوننەتەکان لەهەموو چینەکان، کەواتە پێویستە بۆ شارەزابوون و تێگەیشتن و پێگەیشتن لە دین بگەڕێیەوە بۆ ئەوان ، بۆیە پێویستە لەسەر تۆی موسڵمان بیانناسیت ، چونکە تاوەکو نەیانناسیت وەك خۆی پلەوپایەیان نازانیت وە قەدەریان وەك خۆی ناگریت.

ئەو کتێبەی کە لەبەردەستی تۆدایە ، کۆکراوەیە لەکۆمەڵێك کتێبی زۆر گرنگ ئەوانیش:

١. ژیاننامەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم
٢. صحيح البخاري
٣. صحيح المسلم
٤. سنن أبي داود السجستاني
٥. سنن الترمذي
٦. سنن النسائي
٧. الأدب المفرد
٨. الإصابة في التميز الصحابة لأبن حجر، چەند کتێبێکی تر.

لەنێویدا تەنیا ئەو مەوقیفانەم هێناوە کەوا دڵ ڕاچڵەکێنە لەملکەچی و خۆشەویستی و گوێ ڕایەڵی ئەوان، چونکە ئەگەر بتەوێت ژیاننامەی هاوەڵان بنوسیت و حەقی خۆی پێ بدەی ئەوا پێویستت بەچەندان[مجلد] واتە بەرگ دەبێت.

داواکارم خوای تعالی لێمان قبوڵ بکاو نیەتمان پاك بکاتەوە.

ماناى هاوەڵ (صحابة)

* هەموو شتێک دوو جۆر پێناسەی هەیە واتە ناساندن ناساندێک پێی دەڵێن[لغوي] واتە زمانەوانی، وە ناساندنێک پێی دەڵێن[أصطلاحي] واتە ڕووە عیلمیەکەی یان شەرعیەکەی، ئێمە ناچینە نێو وردەکاری بەڵام پێویستە بزانن بەکێ دەڵێن هاوەڵ (صحابة).

بەکێ دەوترێت (هاوەڵ ، یان صحابة)؟ کە دەگووترێت صحابة واتە هاوەڵی کردنی کەسێک، بەبینین و گوێ لێگرتن.

له شەرعدا، لەدینی ئیسلامدا ، ئیجماع و کۆڕای سەلەف و خەلەف لەسەر ئەوەیە کەوا (صحابة) ئەوانەن کە پێغەمبەر صلَّى الله عليه وسلم یان بینیوە لەنزیکەوە ، وە ئیمانیان پێی هێناوە و شوێن ڕێبازەکەی کەوتوون، ئینجا زۆر لەگەڵی بوبن یاخوود کەم.

مەرج نیە ئەوەی پێغەمبەری دیتبێت ببێتە هاوەڵ چونکە هەندێک دەڵێن ، ئەبوجهلیش ئەوی بینیوە بۆیە دەبێت بەویش بڵێین (هاوەڵ) لەوەڵامدا : ئەوانەی بینیویانە و ئیمانیان پێی هێناوە، هەروەها ئەوانەی ئەگەر لەسەردەمی پێغەمبەریش ژیابن بەڵام نەیانبینیبێت ئەوا پێیان ناگووترێت (هاوەڵ)

بۆنمونە کۆمەڵێکی زۆر لە کباری تابعینمان هەیە کەوا لەسەردەمی پێغەمبەر بوون، وەك:

أويس بن عامر القرني: یەکێکە لەتابعیە گەورەکان لەسەردەمی ئەودا ژیاوەو پێش گەیشتنی بڕوای پێ هێناوە، بەڵام نەیبینیوە بۆیە لەو فضلة بێبەش دەبێت ، بەپێی حدیثي صحيح کە مسلم ریوایەتی کردووە، (خير التابعين).

أويس القرني ـە یەکێک بووە لەوانەی کەوا وەسف کراوە لەلایەن رسول الله وە بۆیە دوای وەفاتی پێغەمبەر ئیمامی عمر لەمەوسومی حەج چاوەڕێی دەکات و دواتر دەیبینێتەوەو داوای لێدەکات دووعایی بۆ بکات.

مسروق بن عبدالرحمن الأجدع الهمداني: یەكێكە لەگەورەتابعین ، (أدرک الجاهلیة) كاتێک دەڵێن أدرك الجاهلية واتە لەسەردەمی ئەودا هەبوون بەڵام نەیان بینیوە.

أبو عثمان النهدي: یەكێكە لەگەورە تابعین أدرك الجاهلية بەڵام لم يلق النبي، ئەوانە پێیان دەگووترێت (المخضرمون من التابعين).

لەوبارەوە زانایان دەڵێن

١. قال أبو عبد الله الحاكم رحمه الله: "فأما المخضرمون من التابعين ـ هم الذين أدركوا الجاهلية وحياة رسول الله صلى الله عليه وسلم وليست لهم صحبة ـ فهم : أبو رجاء العطاردي ، وأبو وائل الأسدي ، وسويد بن غَفَلَة ، وعثمان النهدي ، وغيرهم من التابعين " انتهى. [معرفة علوم الحديث (ص/٤٤)]

واتە: (المخضرمون من التابعين) ئەوانەی کەوا گەیشتوون بەجاهلیەت و سەردەمی پێغەمبەر صلَّ الله عليه وسلم بەڵام هاوەڵێتیان نەبووە وەك : أبو رجاء العطاردي ، وأبو وائل الأسدي ، وسويد بن غَفَلَة ، وعثمان النهدي ، وغيرهم من التابعين.

٢. وقال الحافظ أبو عمرو ابن الصلاح رحمه الله: "المخضرمون من التابعين : هم الذين أدركوا الجاهلية وحياة رسول الله صلى الله عليه وسلم وأسلموا ولا صحبة لهم. أبو عمرو الشيباني ، وسويد بن غفلة الكندي ، وعمرو بن ميمون الأودي ، وعبد خير بن يزيد الخَيْوَانِي ، وأبو عثمان النهدي ، وعبد الرحمن بن مل ، وأبو الحَلَال العَتَكي ربيعة بن زرارة " انتهى. [المقدمة ١٧٩]

واتە : المخضرمون من التابعين ئەوانەن کەوا گەیشتوون بە سەردەمی جاهلیەت و ژیانی پێغەمبەر وە بڕوایان پێ هێناوە بەڵام هاوەڵێتیان نیە ، لەوانیش: أبو عمرو الشيباني ، وسويد بن غفلة الكندي ، وعمرو بن ميمون الأودي ، وعبد خير بن يزيد الخَيْوَانِي ، وأبو عثمان النهدي ، وعبد الرحمن بن مل ، وأبو الحَلَال العَتَكي ربيعة بن زرارة.

پلەو پایەیی هاوەڵان

لە قورئان

هاوەڵانی بەڕێز لەنێو ئەم ئوممەتە پلەیەکی تایبەتیان پێدراوە بەجۆرێک لەچەندین ئایەت خوای تعالی باسی کردوون و وەسف و ستایشی کردوون ، بۆیە ئیجماعی هەموو سەلەفی ئوممەت لەسەر ئەوەیە هاوەڵان هەموویان [عدولن] واتە ئەگەر لەسەنەد دا تەنیا بنوسرێت [عن رجل من أصحاب النبي] ئەوە کافیە و پێویست بە لێ ووردبوونەوە ناکات. بۆیە، بەشێك لەو ئایەتانەی وەسف و ستایشی هاوەڵانی تێدا کراوە.

قال الله تعالی:

١
﴿ مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلْكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيْنَهُمْ تَرَىٰهُمْ رُكَّعًا سُجَّدًا يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنًا سِيمَاهُمْ فِى وُجُوهِهِم مِّنْ أَثَرِ ٱلسُّجُودِ ذَٰلِكَ مَثَلُهُمْ فِى ٱلتَّوْرَىٰةِ وَمَثَلُهُمْ فِى ٱلْإِنجِيلِ كَزَرْعٍ أَخْرَجَ شَطْـَٔهُۥ فَـَٔازَرَهُۥ فَٱسْتَغْلَظَ فَٱسْتَوَىٰ عَلَىٰ سُوقِهِۦ يُعْجِبُ ٱلزُّرَّاعَ لِيَغِيظَ بِهِمُ ٱلْكُفَّارَ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ مِنْهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًۢا ﴿٢٩﴾ ﴾ [الفتح]

موحەممەد ﷺ پێغەمبەری خوایە ئەو (باوەڕدار)انەش کەلەگەڵیدان بەرامبەر بێ باوەڕان توندو تیژن و لەنێوان خۆیاندا بە بەزەیین، دەیان بینی (هەمیشە) لە کوڕنوش وسوژدە بردندان، داوای فەزڵ وڕەزامەندی خودا دەکەن، نیشانەیان لە ناو چاوانیاندا دیارە بەهۆی زۆر سوژدە بردن (یانەوە)، جا ئەو (هاوەڵە بەڕێزانە) ئەوە نموونە وصیفەتیان بوو لە تەوراتدا وە نموونە وصیفەتیان لە ئینجیلیشدا وەک ڕووەک وکشتوکاڵێک وایە چەکەرەی دەرکردبێت (سەوز بووبێت) ئەمجا چەکەرەکەی بەهێز کرد بێ و قایم بوو بێت، جا لەسەر لاسکی خۆی ڕێک وەستابێ (ئەوەندە جوان بێ) جوتیارەکانی سەرسام کرد بێ، تا بە (زۆر بوونی) هاوەڵانی داخ ومەراق بدا بەکافران, خوا بەڵێنی داوە بەوانەیان کە باوەڕیان هێناوە وکردەوەی چاکەیان کردووە بە لێبوردن و پاداشتی گەورە (کە بەهەشتە).

٢
﴿ لِلْفُقَرَآءِ ٱلْمُهَٰجِرِينَ ٱلَّذِينَ أُخْرِجُوا۟ مِن دِيَٰرِهِمْ وَأَمْوَٰلِهِمْ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنًا
وَيَنصُرُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥٓ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ ﴿٨﴾ وَٱلَّذِينَ تَبَوَّءُو ٱلدَّارَ وَٱلْإِيمَٰنَ مِن قَبْلِهِمْ يُحِبُّونَ مَنْ
هَاجَرَ إِلَيْهِمْ وَلَا يَجِدُونَ فِى صُدُورِهِمْ حَاجَةً مِّمَّآ أُوتُوا۟ وَيُؤْثِرُونَ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ
خَصَاصَةٌ ۚ وَمَن يُوقَ شُحَّ نَفْسِهِۦ فَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ ﴿٩﴾ ﴾ [الحشر]

(ئەو دەسکەوتەی لە بەنی نەضیر گیرا) بۆ نەدارانی کۆچکەرانە ئەوانەی کە دەرکران لەماڵ وسامانیان، فەزڵ وبەهرەی خوا ورِزامەندی ئەویان دەوێت وە یارمەتی (ئاینی) خوا وپێغەمبەری خوا دەدەن هەر ئەوانن ڕاستگۆیان.

ئەوانە (یاریدەدەرەکان) کە لەماڵ وشوێنی خۆیان بوون (لەشاری مەدینە) وباوەڕیان هێنا پێش (کۆچکردنی برا موهاجرەکانیان) ئەوەی کۆچ بکات بۆ لایان خۆشیان دەوێ وە شک نابەن لە دڵ ودەروونی خۆیاندا هیچ جۆرە حەسوودی وبەخیلیەک لەبەر ئەوەی بەشی کۆچکەران درا و(بەشی ئەوان نەدرا لەو ماڵ وسامانەی کە گیرا لەجولەکەکان) وە فەزڵی ئەوان ئەدەن بەسەر فەزڵی خۆیاندا ئەگەر چی خۆشیان زۆر پێویستیان پێی بێت وە ئەو کەسەی خۆی لە ڕژدی وبەخیلی دەروونی بپارێزێت (بەڕاستی) هەر ئەوانن سەرفەراز وسەرکەوتوو.

٣
﴿ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَهَاجَرُوا۟ وَجَٰهَدُوا۟ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ ءَاوَوا۟ وَّنَصَرُوٓا۟ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُؤْمِنُونَ حَقًّا ۚ
لَّهُم مَّغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ ﴿٧٤﴾ ﴾ [الأنفال]

وەئەوانەی کەبڕوایان هێنا وکۆچیان کرد و تێکۆشان لەڕێگەی خوادا ئەوانەش (کۆچەرەکان) یان گرتە خۆیان و کۆمەکیان کردن بەڕاستی هەر ئەوانەن بڕوادارانی ڕاستەقینە بۆ ئەوانەیە لێ بووردن و ڕۆزیەکی چاک و بەنرخ.

٤
﴿ ۞ لَّقَدْ رَضِيَ ٱللَّهُ عَنِ ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ ٱلشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِي قُلُوبِهِمْ فَأَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَٰبَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا ﴿١٨﴾ ﴾ [الفتح]

سوێند بەخوا بێگومان خوا ڕازی بوو لەو ئیماندارانەی کە پەیمانیان پێدایت لەژێر درەختەکەدا (لە حودەیبیە)، جا خوا ئاگادار بوو بەوەی لە دڵیاندایە، بۆیە دڵنیایی وئارامی بۆ ناردن وە پاداشتی دانەوە بەسەرکەوتنێکی نزیک (کەئازاد کردنی خەیبەر بوو).

٥
﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَكُونُواْ مَعَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿١١٩﴾ ﴾ [التوبة]

ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە خۆتان بپارێزن لە (تۆڵەی) خوا وەلەگەڵ ڕاست گۆیاندا بن و لەڕیزی ئەواندابن

٦
﴿ وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلْأَوَّلُونَ مِنَ ٱلْمُهَٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحْسَٰنٍ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿١٠٠﴾ ﴾ [التوبة]

خوای میهرەبان لەوانەی کە پێشکەوتن و یەکەم کەس بوون لە ئیسلام بوون و خزمەت کردنی ئیسلامدا لەکاروانی کۆچبەران و پشتیوانان و ئەوانەی کە بە ڕێکوپێکی شوێنیان کەوتوون، ڕازی بووەو ئەوانیش لەو ڕازی بوون، باخەکانی بەهەشتی بۆ ئامادە کردوون کە چەندەها ڕووبار بە بەردەم کۆشکەکانی و بەژێر درەختەکانیدا دەڕوات، هاوڕێ لەگەڵ نەمریدا بۆ هەمیشەیش تیایدا دەمێننەوە، ئەو سەرئەنجامە سەر کەوتنێکی زۆر گەورەیە.

٧
﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا۟ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ ﴾ [البقرة ١٤٣]

بەو شێوەیەش ئێوەمان بەگەلێکی میانەڕەو گێڕاوە (لە هەموو ڕوویەکەوە، لە ڕووی عیبادەت و خواپەرستیەوە، لە ڕووی دنیاو قیامەتەوە، لە ڕووی داخوازیەکانی ڕۆح و نەفسەوە.. هتد) تا ببنە شایەت بەسەر خەڵکیەوە.

پلەی هاوەڵان لە السنة

عن أبي سعيد عن النّبي- عليه السّلام- قال: «لا تسبّوا أصحابي، فو الّذي نفسي بيده لو أنّ أحدكم أنفق مثل أحد ذهبا ما أدرك مدّ أحدهم ولا نصيفه»[1]

واتە: ئەبوسعید الخدري بۆمان دەگێڕتەوە لە رسول الله وە دەفەرموێت ، جنێو مەدەن بە هاوەڵانم ، سوێند بەوەی گیانی بەدەستە ئەگەر یەکێکتان بەقەدەر کێوی ئوحد زێڕ ببەخشێت ناگاتە مدێکی بچوکی ئەوان و نیوەشیان.

ئینجا لەڕوونکردنەوەی ئەم حدیثة آبن القیم الجوزیة دەڵێ:

ئەو گوتارە لەو بۆ خالد بن الولید و نزیکەکانی و موسڵمانانی حدیبیە و فتح ،بوو ئەگەر مددێکی بچوکی یەکێک لە هاوەڵانی یاخوود نیوەی چاکتر بێت لای الله تعالی لەوانەی کێوێکی ئوحد دەبەخشن وەکو خالد و نزیکەکانی لەهاوەڵان چۆن ڕێی تێدەچێت خوای تعالی صەوابیان پێنەبەخشێت لە فتواداا ؟کەئەمە ئەوپەڕی مەحاڵە[2].

١ أخرجه البخاريّ ٧/ ١٢ كتاب (فضائل الصّحابة) باب قول النبي صلّى اللّه عليه وسلم (لو كنت متّخذا خليلا) رقم (٣٦٧٣). ومسلم ٤/ ١٩٦٧- ١٩٦٨ كتاب «فضائل الصّحابة» : باب تحريم سبّ الصحابة (٢٢٢- ٢٥٤١).
٢ [أعلام الموقعين لابن القيم ٤/ ١٠٥]

دەڵێم : مەبەست لە عبدالرحمن بن عوف و ئەهلی شوری لەئوممەتە.

وعن عمران بن حصين قال: قال رسول اللَّه صلّى اللَّه عليه وسلم: «خير أمّتي القرن الّذي بعثت فيهم، ثمّ الَّذين يلونهم، ثمّ الّذين يلونهم»[٣]

ئەو فەرموودەیە زۆر مشهورە کە هاوەڵی بەڕێز عمران بن حصین بۆمان دەگێڕێتەوە لەرسول اللَّه صلّى اللَّه عليه وسلم: "چاکترین سەدە لەنێو ئوممەتەکەم دا ئەوەیە کەمن لێی دەرچووم ، ئینجا دوای ئەوان ، ئینجا دوای ئەوان". واتە (هاوەڵان و تابعین وأتباعیان)

أبن القيم دەڵێت: رسول اللَّه صلّى اللَّه عليه وسلم هەواڵی پێداوین کەوا باشترین و چاکترین سەدە سەدەی ئەوە به (مطلقي)، ئەمەش واتە پێش دەخرێن لەهەموو لایەنەکانی چاکەدا، وەئەگەر تەنها لایەنێک بێت ئەوا چاکترینی مطلقا ناگرێتەوە.[٤]

دەڵێم : واتە هاوەڵان لەهەموو لایەنەکان ، علم ، عیبادەت ،زوهد و ورع و حیکمەت ، خێر و هتد .. لەپێشی هەموو ئەو ئوممەتە دان و بەهیچ شێوەیەك سەدەکانی تر بەراورد ناکرێت بەوان.

هەروا ئەو حدیثەش کەدەڵێت (لەسەردەمی فتنەدا و ئارام گرتن لەسەری خێری پەنجا هاوەڵی منی هەیە) سەنەدی ضعیفة و متنی مخالفی حديثي صحيحة بۆیە مردودە (رەتکراوەیە).

---

٣ أخرجه مسلم في المصدر السابق ٢١٥١- ٢٥٣٥) والترمذي ٤/ ٤٣٤ كتاب الفتن: باب ما جاء في القرن الثالث (٢٢٢٢) وأبو داود ٤/ ٢١٤ كتاب السنة: باب في فضل أصحاب الرسول صلّى اللَّه عليه وسلم (٤٦٥٧) وأحمد في المسند ٢/ ٢٢٢٨ والبيهقي في السنة ١٠/ ١٦٠ والطبراني في الكبير ١٨/ ٢١٣.

٤ أعلام الموقعين ٤/ ١٠٤

پلەبەنەدی هاوەڵان

زانایان بۆپلەبەندی هاوەڵان لەڕووی پلەو پایەوە چەند ڕایەکیان هەیە هەندێکیان دابەشی پێنج چین (طبقة) دەکەن، هەندێکیان دابەشی دوازدە طبقة ی دەکەن کەوا ئیمامی الحاکم لە (معرفة العلوم الحدیث) بەو شێوەی هێناوە:

١. ئەوانەی هەر زوو موسڵمان بوون لەمککە وەك خلفاء الراشدین
٢. ئەو هاوەڵانەی کە موسڵمان بوون پێش کۆبوونەوەی خەڵکی مەککە لە دار الندوة
٣. ئەو هاوەڵانەی کە کۆچیان بۆ الحبشة کرد
٤. هاوەڵانی [العقبة الأولی]
٥. هاوەڵانی [العقبة الثانیة]
٦. ئەو کۆچکارانەی کەوا گەیشتن بە پێغەمبەرﷺ ، لە قباء پێش گەیشتنیان بەمەدینە
٧. هاوەڵانی بدر (أهل بدر)
٨. ئەو هاوەڵانەی کۆچیان کرد لەنێوان بەدر و الحدیبیة
٩. أهلی بیعة الرضوان لە الحدیبیّة
١٠. ئەوانەی کۆچیان کرد لەنێوان فتح و الحدیبیة دا وەك خالد بن الولید، وعمرو بن العاص
١١. ئەوانەی موسڵمان بوون لە ڕۆژی فتحی مککەدا
١٢. ١٢-ئەو ژن ومندالانەی کە پێغەمبەرﷺ یان بینی لە (کۆچی ماڵئاوایی) الحجة الوداع[٥]

وەستانێک لەسەر السابقون الأولون:

مەبەست لەو هاوەڵانەیە کەوا هەر زوو لەسەرەتاوە بڕوایان بەئیسلام هێناوە پلەو پایەیان لەسەرووی هاوەڵانی ترەوەیە.

٥ الإصابة في تميز الصحابة ، مجلد الأول ، طبقات الصحابة ، ص ٧٧

الذهبي له تاريخ الإسلام، وسير أعلام النبلاء ، ناوی بەنزیکەیی پەنجا هاوەڵی هێناوە لەوانەی سەرەتا موسڵمان بوون ناوی لێناوە (أسماء الخمسين الأوائل الذين دخلوا الإسلام، فقال: السابقون الأولون هم):

١. خديجة بنت خويلد.
٢. علي بن أبي طالب.
٣. أبو بكر الصديق.
٤. زيد بن حارثة.
٥. عثمان بن عفان.
٦. الزبير بن العوام.
٧. سعد بن أبي وقاص.
٨. طلحة بن عبيد الله.
٩. عبد الرحمن بن عوف.
١٠. أبو عبيدة بن الجراح.
١١. أبو سلمة بن عبد الأسد المخزومي.
١٢. الأرقم بن أبي الأرقم بْنِ أَسَدِ بْنِ عَبْدِ الله بن عمر المخزومي.
١٣. عثمان بن مظعون الجمحي.وعبيدة بن الحارث بن المطلب الْمُطَّلِبِيُّ.
١٤. سعيد بن زيد بْنِ عَمْرِو بْنِ نُفَيْلٍ العدوي.
١٥. أسماء بنت أبي بكر الصديق.
١٦. خباب بن الأرت الخزاعي، حَلِيفُ بَنِي زُهْرَةَ.
١٧. عمير بن أبي وقاص، أخو سعد.
١٨. عبد الله بن مسعود الهذلي، من حلفاء بني زهرة.
١٩. مسعود بن ربيعة القارئ من البدريين.
٢٠. سُلَيْطُ بْنُ عَمْرِو بْنِ عَبْدِ شَمْسٍ الْعَامِرِيُّ.
٢١. عياش بن أبي ربيعة بْنِ الْمُغِيرَةِ الْمَخْزُومِيُّ.وامرأته أسماء بنت سلامة التميمية.
٢٢. خُنَيْسُ بْنُ حُذَافَةَ السَّهْمِيُّ.
٢٣. عَامِرُ بْنُ رَبِيعَةَ العنزي، حليف آل الخطاب.
٢٤. عَبْدُ اللهِ بْنُ جَحْشِ بْنِ رِئَابٍ الأَسَدِيُّ، حليف بني أمية.
٢٥. جعفر بن أبي طالب الهاشمي.وَامْرَأَتُهُ أسماء بنت عميس.
٢٦. حَاطِبُ بْنُ الْحَارِثِ الجمحي.وامرأته فاطمة بنت المجلل العامرية.

٢٧. أخوه خطاب بْنُ الْحَارِثِ الجمحي.
٢٨. وامرأته فكيهة بنت يسار.
٢٩. وأخوهما: معمر بْنُ الْحَارِثِ الجمحي.
٣٠. السائب ولد عُثْمَانَ بْنِ مَظْعُونٍ.
٣١. الْمُطَّلِبُ بْنُ أَزْهَرَ بْنِ عبد عوف الزهري.
٣٢. وامرأته رملة بنت أبي عوف السهمية.
٣٣. النحام نعيم بن عبد الله العدوي.
٣٤. عامر بن فهيرة، مولى الصديق.
٣٥. خَالِدُ بْنُ سَعِيدِ بْنِ الْعَاصِ بْنِ أُمَيَّةَ.
٣٦. وامرأته أميمة بنت خلف الخزاعية.
٣٧. حاطب بن عمرو العامري.
٣٨. أبو حذيفة بن عتبة بن ربيعة العبشمي.
٣٩. واقد بن عبد الله بن عبد مناف التميمي اليربوعي، حَلِيفُ بَنِي عَدِيٍّ.
٤٠. وَخَالِدُ بن البكير بن عبد ياليل الليثي، حليف بني عدي.
٤١. وَأخوه عَامِرُ بن البكير بن عبد ياليل الليثي، حليف بني عدي.
٤٢. وَأخوه عَاقِلُ بن البكير بن عبد ياليل الليثي، حليف بني عدي.
٤٣. وَأخوه إِيَاسُ بن البكير بن عبد ياليل الليثي، حليف بني عدي.
٤٤. عمار بن ياسر بن عامر العنسي، حليف بني مخزوم.
٤٥. وصهيب بن سنان بن مالك النمري، الرومي المنشأ، وولاؤه لعبد الله بن جدعان.
٤٦. أبو ذر جندب بن جنادة الغفاري.
٤٧. أبو نجيح عمرو بن عبسة السلمي البجلي، لكنهما -أي أبو ذرٍّ وعمرو- رجعا إلى بلادهما.

ئەوانە ئەو هاوەڵە بەڕێزانەن کەوا هەر لەسەرەتاوە موسڵمان بوون، خوای تعالى دەفەرموێت:

﴿ وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلْأَوَّلُونَ مِنَ ٱلْمُهَٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحْسَٰنٍ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِي تَحْتَهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿١٠٠﴾ ﴾ [التوبة]

ئیمامی ابن جرير الطبري لەتەفسیر هێناویەتی لەبارەی ئەم ئایەتە دەفەرموێت:

لەبارەی -السَّابِقُونَ الْأَوَّلُونَ- دوو بۆچوون هەیە:

یەکێکیان دەڵێن ئەوانەن کەوا ئەهلی (البيعة الرضوان) وەك ئیمامی الشعبي.

ئەوانی تر دەڵێن -السَّابِقُونَ الْأَوَّلُونَ- ئەوانەن کەوا صلوا القبلتين جميعًا، لەوانیش، ئیمامی سعيد بن المسيب ، محمد بن سيرين ، قتادة بن دعامة ، وە لەأبي موسى الأشعريەوەش دوو ڕیوایەتی هێناوە بەڵام ،(سفيان بن وكيع) ی تێدایە ضعيفة.

بیرو باوەڕی ئەهلی سوننە دەربارەی هاوەڵان

لێرەدا بەکورتی ناوی بەشێک لەو کتێبە عەقیدەییان دەخەمەڕوو کەوا پشکێکیان تێیدا تایبەت کردووە بە داننان بەگەورەیی و پلەو پایەیی هاوەڵان ، ئەمەش واتە باس کردن و شارەزا بوون لە پێگەو پلەی هاوەڵان بەشێکە لە بیرو باوەڕی سەلەف و ئەهلی سوننە ، لەنێویان أصول السنة ی ئیمام أحمد باسدەکەم لەو ڕووەوە ، ئەوانی تر تەنیا وەك زانیاری دەخەمە ڕوو.

أصول السنة لإمام أحمد بن حنبل

ئیمامی ئەحمد لەو نامیلکە عەقیدەییە دەڵێت: وە باشترینی ئەم ئوممەتە دوای پێغەمبەر ئەبوبکر الصدیق ـ دواتر عمر بن الخطاب دواتر عثمان بن عفان ، ئەو سێ هاوەڵە پێش دەخەین لەپلەو پایە وەك چۆن أصحابی رسول الله صلى الله عليه وسلم هیچ خیلافێکیان لەسەر ئەوە نەبوو!

ئینجا دوای ئەو سێ هاوەڵە، هاوەڵانی الشورى دێن کەوا پێنجن: علي بن أبي طالب، والزبير، وعبد الرحمن بن عوف، وسعد، وطلحة. هەموویان بۆ خیلافەت دەگونجێن، وە هەموویان ئیمامن وە بۆ ئەوەش پشت بەحدیثي ابن عمر رضى الله عنهما دەبەستین کەدەیفەرموو: ئێمە دەمانگووت لەکاتێک دا رسول الله زیندوو بوو وەهاوەڵانیش ئامادەبوون:

أبو بكر ثم عمر ثم عثمان دواتر بێدەنگ دەبووین.

وە لەدوای ئەهلی ڕاوێژ لە هاوەڵان ئەهلی بەدر دێن لە کۆچکارەکان دواتر ئەهلی بەدری پشتیوانان لەهاوەڵانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەسەر بنەمای کۆچکردن و لەپێشینیە دا.

(دوای ئەوە باشترینی خەڵك لەدوای هاوەڵانی پێغەمبەر، ئەو سەدەیە کە پێغەمبەری تێدا نێردراوە ، هەموو ئەوانەی هاوەڵێتی ئەویان کردووە ، ساڵێك یان مانگێک یان ڕۆژێک یان

سەعاتێک بینیبێتیان ئەوا لەهاوەڵانەو هاوەڵیشە ، بەپێی هاوەڵێتی کردنەکەی ، وەئەوانەی پێشینەیان لەگەڵی هەبووەو گوێیان لێ بووەو سەیریان کردووە بۆ جارێکیش. کەمترین هاوەڵیان لەپلە زۆر چاکترە لەو سەدەیەیی دوای ئەو کەوا نەیان بینیوە ، خۆ ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ لای الله بەهەموو کارێکی چاك ئەوا ئەوانەی هاوەڵێتی پێغەمبەریانکردوە و بینیویانەو گوێیان لێبووە چاکترن لەتابعین ئەگەر هەرچەند کاری چاکیانیش کردبێت).

دەڵێم : لێرەدا ئیمامی ئەحمد لە پلەو پایە سێ خلفاکەی پێش خست وەك خۆی دەڵێت بەهۆی فەرموودەی عبدالله بن عمر، بەڵام لەهەندێکی واتە زانایانی تر لە نامیلکە اعتقادیەکانیان هەر چوار پێش دەخەن ، بۆیە ئەوە ئیشکال دروست ناکات هەروەها دانان بەپلەو پایەیی هاوەڵان وەك ئەوەی کەمترین هاوەڵێتی کردبێت زۆر چاکترە لەوەی نەیکردبێت پاڵپشتە بەو فەرموودەی عمران بن حصین ، بۆیە ئێمەش هەمان بیروباوەڕمان هەیە بەرامبەر هاوەڵانی پێغەمبەر.

شرح السنة للمزني الشافعي

یەکێکە لەنامیلکە اعتقایەکانی سەلەفی ئوممەت لەوێدا بابێکی تایبەتی داناوە بەناو نیشانی [الصحابة] واتە هاوەڵان.

شرح السنة للبربهاري

یەکێکە لەنامیلکە اعتقادیە مشهورەکانی سەلەف کە زانای (الحنبلي البربهاری) نوسیویەتی تێیدا بابێکی داناوە تایبەت بە هاوەڵان بەو ناونیشانە: (وخير هذه الأمة بعد وفاة نبيها: أبو بكر وعمر وعثمان)، واتە باشترینی ئەو ئوممەتە دوای وەفاتی پێغەمبەر أبوبکروعمر وعثمان.

الأعتقاد أئمة الحديث ، لأبو بكر الإسماعيلي

یەکێکە لەناملیکە اعتقادیەکان تێیدا بابێکی داناوە بەم ناونیشانە بۆ پلەو پایەیی هاوەڵان: (المفاضلة بین الصحابة).

ويقولون بتفضيل الصحابة رضي الله عنهم، لقوله: ﴿ ۞ لَّقَدْ رَضِىَ ٱللَّهُ عَنِ ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ ٱلشَّجَرَةِ ﴾ [الفتح ١٨]

وقوله: ﴿ وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلْأَوَّلُونَ مِنَ ٱلْمُهَٰجِرِينَ وَٱلْأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحْسَٰنٍ رَّضِىَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ ﴾ [التوبة ١٠٠]

أصول السنة لأبن أبي زمنين

یەکێکە لە کتێبە عقیدەییەکانی سەلەف بەهەمان شێوە، بابێکی داناوە بەو ناونیشانە تایبەت بەهاوەڵان: باب : [في محبة أصحاب النبي صلى الله عليه وسلم]، واتە لەسەر خۆشویستنی هاوەڵانی پێغەمبەر.

السنة لعبدالله بن أحمد بن حنبل

یەکێکە لە گەورەترین و گرنگترین کتێبەکانی عقیدەی سەلەف بەهەمان شێوە بابێکی داناوە بەو ناویشانە: سئل عمن قال: (خير هذه الأمة بعد نبيها أبو بكر ثم عمر)

واتە: پرسیار دەربارەی چاکترینی ئوممەت دوای پێغەمبەرە أبوبکر دواتر عمر.

هەروەها:

- السنة للحميدي : ناميلكەيەكی عەقيدەييە لەسەلەفەوە
- عقيدة الرازيين : أبو زرعة الرازي ، أبو حاتم الرازي
- السنة لأبي بكر الخلال : كتێبێكی گەورەی عەقيدەيی سەلەفە
- السنة لحرب الكرماني الحنظلي ، : كتێبێكی ئيجماعی ئەهلی السنەی سەلەفی صالحة
- الإبانة الكبرى ، والصغرى ، لأبن بطة العكبري
- شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة أبو القاسم اللالكائي

جگە لەوانەش زۆرینەی كتوبەكانی حديث ، بەڵام ، لێرەدا ئێمە مەبەستمان لەباسی عەقيدەييەكە بوو بۆيە ئەو كتێب و ناميلكانەمان هێنا كە [اعتقادين] .

ئەم كتێبە دەبێتە سێ بەشی سەرەكی لەنێو هەر بەشێكيان بەسەرهاتێك يان مەوقيفێكی هاوەڵێكم هێناوە و دواتر بە كورتی تعليقم لەسەری داوە بۆئەوەی ئامانجە گرنگەكە بگاتە بەر ديدی خوێنەری بەڕێز چونكە ئەمە باسكردنی ژيانی هەموو هاوەڵان نيە بەڵكو خستنەڕووی حاڵيانە بۆ ديدی خوێنەری موسڵمان تاوەكو ئاشنا بن بەوەی بۆچی ئەوان باشترين و چاكترين سەدە بوون.

بەشی يەكەم : خۆشەويستی هاوەڵان بۆ رسول الله صلی اللەعليه وسلم.

بەشی دووەم : ملكەچيان.

بەشی سێيەم : گوێڕايەڵ بوونيان بۆ ئايەتەكان.

بەشی یەکەم : خۆشەویستی هاوەڵان بۆ پێغەمبەر

١ هاوەڵی بەڕێز عبد الله بن حرام رضي الله عنه باوکی صحابی جابر بن عبدالله

ئیمامی البخاري لە صحیح هێناویەتی:

١٣٥١ حَدَّثَنَا مُسَدَّدٌ ، أَخْبَرَنَا بِشْرُ بْنُ الْمُفَضَّلِ ، حَدَّثَنَا حُسَيْنٌ الْمُعَلِّمُ ، عَنْ عَطَاءٍ ، عَنْ جَابِرٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ:

جابر دەڵێت کاتێک جەنگی ئوحد هاتە پێش باوکم بانگی کردم شەو پێی گووتم ، من هیچ گومانێکم نیە کەوا یەکێکم لە کوژراوانەی نێو هاوەڵانی پێغەمبەرصَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ،کە لەسەرەتا دا دەکوژرێن ، وەمن هیچ شتێک لەدوای خۆم جێناهێڵم بەنرختر بێت لام لەتۆ جگە لەپێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وەمن قەرزێکم لەسەرە ،قەرزەکەم بۆ بدەرەوە ، وە داوات لێدەکەم لەگەڵ خوشکەکانت باش بیت ، جابر دەڵێت ، کاتێک بەیانی هات یەکەم کوژراو ئەو بوو ، وەیەکێکی ترمان لەگەڵی دا خستە نێو گۆڕەوە ، دواتر ئوقرەم نەگرت بەوەی بەو شێوە وازی لێبێنم و لەگەڵ یەکێکی تر بێت ، دوای شەش مانگ دەرمان کرد بینیمان وەک ئەو ڕۆژە بوو کەوا خستمانە ژێر گۆڕ جگە لەگوێیەکانی نەبێت.

بەهەمان شێوە ئیمامی البخاري هێناویەتی لە صحیح وە ئیمامی ئەبوداودیش هێناویەتی لەجابر بن عبدالله رضی الله عنهما دەفەرموێت:

کاتێک ڕۆژی ئوحد هات باوکمیان هێنا کەوا [مثل به] واتە ئەندامانی جەستەی وەك گوێ و لوت و ئەمانە هەمووی بڕێنرا بوو ، ویستم سەیرێکی بکەم ڕێگەیان نەدا قەومەکەم دواتر لەولاوە دەنگی گریانێک هات گوتیان کێیە ؟ گوتیان بنت [عمرو وهي فاطمة بنت عمرو] پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی ، مەگری ، چونکە بەردەوام مەلائیکە بەباڵەکانیان سێبەریان لێ دەکرد هەتا بەرزیان کردەوە ، وە هەروەها یەکەم کەس بووە لەنێو هەموو بەنی آدم خوای تعالى بێ پەردە قسەی لەگەڵ کردبێت ، بەڵام، دوای مردنی.

سوود:

عبدالله ی باوکی جابر یەکێک بوو لە هاوەڵە بەڕێزەکان خاوەنی حەوت لەڕیوایەتێک دەڵێ نۆ کچ بوو لەگەڵ کوڕێک ئەویش جابر بوو جگە لەوەش قەرز دار بوو بەڵام کاتێک کەوا فەرمان هات بۆ تێکۆشان و دیفاع لەئیسلام هەموو شتێکی کردە قوربانی لە ماڵ و منداڵ.

وە کاتێک جابری کوڕی وەسیەت دەکات دەڵێت تۆ لەهەموو شت بەنرختری لام جگە لە پێغەمبەر ! سبحان الله ئەوەیە گەورەیو خۆشەویستی ئەوان بۆ دین و رسول الله وەملکەچیان، بۆیە خوای تعالى پلەیەکی پێ بەخشی بەهیچ کەسێکی نەبەخشی بێ پەردە قسەی لەگەڵ کرد .

٢ هاوەڵی بەڕێز زيد بن الدثنة رضى الله عنه

رسول الله صلى الله عليه وسلم لەسەر داوای کۆمەڵێک لەموشریکان بەوەی کۆمەڵێکیان بۆ بنێرن تاوەکو فێری قوورئان و دینیان بکەن ، ئەویش چەند کەسێکی لەنێو هاوەڵان هەڵبژارد ناوەکانیان بریتین لە [مرثد بن أبي مرثد الغنوي، حليف حمزة بن عبد المطلب، وخالد بن البكير الليثي حليف عدي بن كعب، وعاصم بن ثابت بن أبي الأقلح، أخو بني عمرو بن عوف بن مالك بن الأوس، وخبيب بن عدي، أخو بني جحجبي بن كلفة بن عمرو بن عوف، وزيد بن الدثنة بن معاوية، أخو بني بياضة بن عمرو بن مالك بن الأوس]

دەرچون لەگەڵ ئەواندا هەتا گەیشنە[الرجيع] ئاوێکە لە هذیل لە لایەکی حجاز دا ، لەوێدا غەدرو خیانەتیان لێکردن کۆمەڵێکی زۆر لەموشریکەکان بۆیان هاتن ئەوانیش پەنایان بردە بەر بەرزاییەك ، موشریکەکان وەعدو بەڵێنیان پێدان کەوا هیچ شتێکیان لێ نەکەن ، بەڵام ئەوان ڕەفزیان کرد کەوا بە پەیمانی موشریک ڕازی بن بۆیە شەڕیان کرد هەریەک لە [مرثد وخالد وعاصم] تاوەکو شهید کران ئەوانی تریش خبیب و زید بەدیلی گیران.

أبن هشام: لەسیره دەڵێت، هەریەک لەزید و خبیب فرۆشران بە قوڕەیش.

محمد بن ئیسحاق دەڵێت: زەید فرۆشرا بە صفوانی کوڕی ئوممەیە ی بن خلف چونکە باوکی کوشتبوو، صفوان زەیدی لەگەڵ خزمەتکارێکی خۆی نارد ناوی نسطاس بوو بۆ ناوچەی (التنعیم)، بۆ ئەوەی بچنە لەحەڕەم وە کومەڵێکی قوەڕەیشیش ئامادە بوون لەنێویان ئەبو سفیان بوو،

ئەبو سفیان بە زەیدی گووت پێش ئەوەی بیکوژێت ، ئەی زەید سوێندت دەدەم بە الله ئایا تۆ حەزت دەکرد ئێستا محمد لێرەبووایە لەگەردەنمان بدایەو تۆش لەنێو ئەهلی خۆت بوایت؟

زەید گووتی: سوێند بە الله حەزناکەم ئێستا محمد لەو جێگەیی خوێدا تەنانەت بەدڕکێک ئازار بخوات.

*ئەبو سفیان گووتی: هیچ کەسێکم لەنێو خەڵکدا نەبینیوە کەوا کەسێکی خۆش بوویت، وەک ئەو خۆشەویستیەیی هاوەڵانی محمد بۆ ئەویان هەیە.

دواتر نسطاس شهیدی دەکات . ڕەحمەتی الله برژێت بەسەری هەتا قیامەت.

ئەم بەسەرهاتە بەشێکی مشهورە و لەکتوبەکانی حدیث وەك البخاري و مسلم و ئەبوداود هاتوون بەڵام شێوازی شهید کردنی زید لە (سیرەی أبن هشام و الإصابة فی التمیز الصحابة و أسد الغابة و طبقات الکبری لابن سعد) هاتوون.

سوود:

سبحان الله سەیری گەورەی و خۆشەویستی هاوەڵان بکەن بەچ شێوەو جۆرێک رسول الله یان خۆش ویستوە نەفسی خۆیان کردۆتە قوربانی لەکاتی دیلی و کوشتنیان دا بیریان لای ئەوەیە ئەو ئازار نەخوات.

٣ هاوەڵی بەڕێز سعد بن أبی وقاص رضی الله عنه

عبد الله بن عامر بن ربیعة دەڵێت: گوێم لە عائشة رضي الله عنها بوو دەیفەرموو: کاتێک پێغەمبەر لەسەرەتادا چوو بۆ مککە لەخۆی ئەمین نەبوو شەوێکیان گووتی گەر پیاوێکی چاك لەهاوەڵانم ئەمشەو پارێزگاری لێبکردمایە.

دەفەرمویٚ: گوێمان لەدەنگی چەک بوو گوتمان کێیە ؟ فەرمووی من سعدم هاتووم بۆ ئەوەی ئەمشەو ببمە پاسەوانتان یان پارێزگاریتان لێبکەم ، دەڵیٚ ئینجا خەوت[٦]...

لەسەرەتا دا پێغەمبەر بەو شێوە بوو هەتا ئایەتی ﴿ وَاللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ ﴾ [المائدة: ٦٧]. دابەزی ئینجا فەرمووی باکەس نەبێتە پاسەوانم خوای تعالی دەم پارێزێت.

ئەم شتە مانای ئەوە نیە کەوا پێغەمبەر توکل ی بە الله نەبوو بێت نەخێر بەڵکو وەك هۆکار گرتویەتە بەر بۆ خۆپارێزی.

وەکو [ئیمامی الترمزی لەسنن لە کتاب الجهاد] بەسەنەدی حسن هێناویەتی لە زبیر بن العوام دەفەرمویٚ: ڕۆژی ئوحد پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دوو درعی کردبووە بەر.

---

٦ ئەم باسە لەکتوبەکانی صحیح البخاري ٢٨٨٥. صحیح مسلم ٢٤١٠ وە لەکۆمەڵێک باب دووبارە بۆتەوە.

سوود:

لەم باسانە ، خۆشەویستی و گیان فیدایی هاوەڵانی بەڕێزمان بۆ دەرەخات بەرامبەر بە رسول الله وە بەهەموو شێوەك ئامادەی پارێزگاری کردن بوون لێی.

٤ أبو بكر الصديق رضى الله عنه وأرضه

خۆشەویستی ئیمامی ئەبو بکر بۆ رسول الله لەکاتی کۆچ کردنیان.[٧]

أبو أسحاق دەڵێ: لە (البراء کوڕی عائشة خوای لێ ڕازی بێت) دەیوت: أبو بكر الصديق خوای لێ ڕازی بێت هات بۆلای باوکم لە ماڵەوە، زینێکی لە باوکم کڕی و پێی وت: کوڕەکەت بنێرە لەگەڵمدا بۆم هەڵبگرێ تا ماڵی خۆمان، باوکم پێی وتم: بۆی هەڵبگرە، منیش هەڵم گرت و باوکیشم لەگەڵیدا هاتەدەرەوە نرخەکەیی لێوەربگرێ، باوکم پێی وت: ئەی (أبو بكر) پێم بڵێ، ئەو شەوەی لەگەڵ پێغەمبەری خوادا(صلى الله عليه وسلم) کۆچتانکرد چیتانکرد؟ وتی: بەڵێ ئەو شەوەی کە کۆچمان کرد هەموو شەوەکە و تاسبەینێ نیوە ڕۆش ئێمە هەر ڕێگەمان بڕی. ڕێگەکە چۆڵ بوو کەسی پێدا نەدەڕۆیشت تا تاشە بەردێکی درێژمان لێ دەرکەوت کە سێبەری هەبوو، هێشتا خۆری نەگەیشتبوویە، لامان دایە لای تاشەکە، هاتمە لای تاشەکە و بە دەستم شوێنێکم تەخت کرد لە سێبەرەکەیدا تا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) تیایدا بخەوێ، پاشان فەروەیەکم لەسەری ڕاخست، دوایی وتم: ئەی پێغەمبەری خوا بخەوە، منیش پاسەوانیت دەکەم و چاودێری دەوروبەرت دەکەم، (پێغەمبەرصلى الله عليه وسلم)خەوت منیش ڕۆیشتم چاودێری دەوروبەرەکەیم دەکرد لەناکاو بینیم وا شوانێکی مەڕ بە مەڕەکانیەوە ڕووە و بەردەکە دێ، ئەویش ئەوەی لێدەویست کە ئێمە ویستبومان، پێی گەیشتم و وتم: کوڕە تۆ شوانی کێیت؟ وتی: هی پیاوێکی خەڵکی مەدینەم، وتم پێی ئایا مەڕەکانت شیریان تێدایە، وتی: بەڵێ، وتم: ئایا بڕێ شیرم بۆ دەدۆشیت؟ وتی: بەڵێ مەڕێکی گرت و، منیش پێم

٧ لەم بەسەرهاتە کەوا ئیمامی مسلم ریوایەتی کردووە لە کتابی کۆچ و جەنگەکان هەروەها ئیمامی البخاري لەکتابی المناقب ، وەلە سیرەکانی رسول هاتوون لەزۆربەیان.

وت: گوانەکەی بتەکێنە لە موو خۆڵ و پیسی أبو اسحاق وتی: (البراء)م بینی ئەم دەستی دەدا بەو دەستەکەی تریدا و دەیتەکاند- کەمێ شیری دۆشیە ناو قاپێکی دارین، منیش جەوەنەیەك ئاوم پێ بوو لێم دادەکرد بۆ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) تا لێی بخواتەوە و دەست نوێژی پێ بگرێ- هاتمەوە خزمەتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و حەزم نەکرد لە خەوەکەی بە ئاگای بهێنمەوە، بەڵام لەو کاتەدا خۆی بە ئاگا هاتەوە، لە ئاوەکەم کرد بەسەر شیرەکەدا هەتا بەشی خوارەوەی ساردبوویەوە، وتم: ئەی پێغەمبەری خوا لەم شیرە بخۆرەوە، لێی خواردەوە، ئەوەندەی من پێم خۆش بوو پاشان فەرمووی:(ئایا کاتی ڕۆیشتن نەهاتووە) وتم: بەڵێ (ئەی پێغەمبەری خوا)، لە دوانیوەڕۆ کەوتینە ڕێ، (سراقە بن مالك) شوێنمان کەوتبوو، ئێمەش لە زەویەکی ڕەقەمەنیدا بووین، ئینجا وتم: ئەی پێغەمبەری خوا هاتن بۆمان، فەرمووی: (خەمت نەبێ خوامان لەگەڵە) پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دوعای لێکرد و هەر چوار پەلی ئەسپەکەی هەتا ژێر سکی نوقمی زەویەکە بوون، (سراقە) وتی: من دەزانم کە ئێوە دوعاتان لێکردووم، ئێستە دوعام بۆ بکەن، پەیمانی خواتان دەدەمێ هەر کەس بەدواتاندا بێت بیگێڕمەوە، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دۆعای بۆ کرد و ڕزگاری بوو، گەڕایەوەو بگەیشتایە بە هەرکەسێ پێی دەوت: ئەم ڕێگەیەم بۆ تاقی کردونەتەوە (خۆتان ماندوو مەکەن) وە بە هەرکەس بگەیشتایە دەیگێڕایەوە، (سراقە) بەڵێنەکەی خۆی بردە سەر.

خزمەتی ئیمامی بەڕێز و خلیفەی یەکەمی موسڵمانان ئەبو بکر بۆ ئەو چۆن بوە؟

ئیمامی ئەبو بکر هێندە بەڕێز و خاوەن پلە بووە ، کاتێ رسول الله لەمککە دا بوو شەوی ئیسراو معراج کاتێک ئەبو جهل قوڕەیشی لێکۆکردەوەو گوتیان محمد دەڵێ شەو ڕەویم پێکراوە لە مککە بۆ بیت المقدس ئەوکات زۆرێک لە و بەناو موسڵمانە ئیمان لاوازانە پاش گەز بوونەوەو گوتیان تێک جووە کاتێک چوونە لای ئیمامی ئەبو بکر فەرمووی:

ئەگەر ئەو وابێت[ڕاست دەکات] هەر بۆیە نازناوی (الصديق) هەتا قیامەت بەبەری دا کراو گەورەترین ڕێزی لێگیرا. [ئەمەشیان صحيحة ئیمامی البخاري هێناویەتی وە ڕووداوەکەش مشهور و معروفە لای زۆرینەتان]

تەنانەت ئیمامی ئەبو بکر هێندە ملزم و ملکەچی بۆ رسول الله هەبوو دوای وەفاتی پێغەمبەر، کاتێ فاطمة عليها السلام دەچێتە لای بۆ ئەوەی داوای میراتی باوکی لە ئەبو بکر بکات بەڵام ئەو دەفەرموێت: من گوێم لە پێغەمبەر بوو صلى الله عليه وسلم دەیفەرموو: لانورث ما ترکنا صدقة.

بەو هۆیە فاتیمەی کچی سەرەوەر تا وەفات دەکا لێی تورە دەبێت.

وە ئیمام ئەبو بکر دەیفەرموو: هەرگیز شتێک ناگۆڕم کەوا لەپێغەمبەرەوە هاتبی یان کرابێت.

تەنانەت بەهیچ جۆرێک دەستکاری مزگەوتی رسول اللهی نەکرد. ئەم خەلیفە بەڕێزە دوو ساڵ دوای وەفاتی پێغەمبەر وەفات دەکات. خۆشەویستی ئیمامی ئەبو بکر بەدوو باس کۆتایی نایەت بەڵام وەك بەرجاو ڕوونی بۆ خوێنەر.

٥ معاذ بْنُ عَمْرو بْنِ الْجَمُوحِ، وَمُعَاذُ ابْنُ عَفْراء

دوو هاوەڵی بەڕێزی ئوممەت و نەناسراو چۆن خۆشەویستیان بۆ رسول الله گەیشتبووە لووتکەوە، ئیمامی البخاري و ئیمامی مسلم لە لەفظێکی (متفق عليه) هێناویانە بەم شێوە لە هاوەڵی بەڕێز عبدالرحمن بن عوف:

عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ عَوْفٍ ، أَنَّهُ قَالَ : بَيْنَا أَنَا وَاقِفٌ فِي الصَّفِّ يَوْمَ بَدْرٍ نَظَرْتُ عَنْ يَمِينِي وَشِمَالِي، فَإِذَا أَنَا بَيْنَ غُلَامَيْنِ مِنَ الْأَنْصَارِ حَدِيثَةٍ أَسْنَانُهُمَا تَمَنَّيْتُ لَوْ كُنْتُ بَيْنَ أَضْلَعَ مِنْهُمَا، فَغَمَزَنِي أَحَدُهُمَا، فَقَالَ: يَا عَمِّ، هَلْ تَعْرِفُ أَبَا جَهْلٍ؟ قَالَ: قُلْتُ: نَعَمْ، وَمَا حَاجَتُكَ إِلَيْهِ يَا ابْنَ أَخِي؟ قَالَ: أُخْبِرْتُ أَنَّهُ يَسُبُّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، لَئِنْ رَأَيْتُهُ لَا يُفَارِقُ سَوَادِي سَوَادَهُ

حَتَّى يَمُوتَ الْأَعْجَلُ مِنَّا. قَالَ : فَتَعَجَّبْتُ لِذَلِكَ، فَغَمَزَنِي الْآخَرُ، فَقَالَ مِثْلَهَا، قَالَ : فَلَمْ أَنْشَبْ أَنْ نَظَرْتُ إِلَى أَبِي جَهْلٍ يَزُولُ فِي النَّاسِ، فَقُلْتُ : أَلَا تَرَيَانِ ؟ هَذَا صَاحِبُكُمَا الَّذِي تَسْأَلَانِ عَنْهُ. قَالَ : فَابْتَدَرَاهُ، فَضَرَبَاهُ بِسَيْفَيْهِمَا، حَتَّى قَتَلَاهُ، ثُمَّ انْصَرَفَا إِلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَأَخْبَرَاهُ، فَقَالَ : " أَيُّكُمَا قَتَلَهُ ؟ ". فَقَالَ كُلُّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا : أَنَا قَتَلْتُ. فَقَالَ : " هَلْ مَسَحْتُمَا سَيْفَيْكُمَا؟". قَالَا : لَا. فَنَظَرَ فِي السَّيْفَيْنِ، فَقَالَ : " كِلَاكُمَا قَتَلَهُ ". وَقَضَى بِسَلَبِهِ لِمُعَاذِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْجَمُوحِ وَالرَّجُلَانِ مُعَاذُ بْنُ عَمْرِو بْنِ الْجَمُوحِ، وَمُعَاذُ ابْنُ عَفْرَاءَ.

هاوەڵی بەڕێز عبدالرحمن، دەفەرموێت: لەكاتێكدا من وەستابووم لەڕیزدا لە ڕۆژی بدردا سەیری لای ڕاست و لای چەپی خۆمم كرد بینیم من لەنێو دووگەنجی تازە پێگەیشتووی ئەنصار دام ، گووتم خۆزیا لەنێوان دووی بەهێزتر بووایەم ، یەكێكیان پێی گووتم ، ئەی مامە ئایا ئەبوجهل دەناسیت ؟ گووتم بەڵێ ، باشە چ پێویستیەكەت بە ئەبو جهلە ؟ گووتی ، پیم گەیشتووە كەوا ئەو جنێوی بە رسول الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، داوە سوێند بەوەی گیانمی بەدەستە لەكۆڵی نابمەوە هەتاوەكو یەكێكمان دەمرێت.

دەڵێ منیش سەرم لەو شتە سووڕما ئینجا ئەوی تر بەهەمان شێوەی ئەو گووتویەوە، زۆری نەخایاند بینیم ئەبو جهل لەنێو خەڵكدا جووڵە دەكات، منیش پێم گووتم ئایا نابینن ئەو كەسەی پرسیارتان دەربارەی دەكرد ، دەڵێت بۆی چوون بەشمشێرەكانیان شەڕیان لەگەڵ كرد هەتا ئەوكاتەی كوشتیان ، ئینجا چونەوە بۆ لای پێغەمبەر پێی فەرموون كامتان كوشتوتانە هەردووكیان دەیان گووت من كوشتوومە ئینجا پێی گووتن ئایا شمشێرەكانتان سڕیوەتەوە؟ گوتیان نەخێر ، ئینجا سەیری كرد گووتی هەر دوولاتان كوشووتانە.

بۆیە دەستكەوتەكەی بۆ هەردوولا بوو ناوەكانیشیان: (مُعَاذُ بْنُ عَمْرِو بْنِ الْجَمُوحِ ، وَمُعَاذُ ابْنُ عَفْرَاءَ).

سوود:

سبحان الله سەیری گەنجی أنصار و پەروەردەی هاوەڵان بکەن بەجۆرێک خۆشەویستی رسول الله چووەتە دڵیان کەوا ئامادە بوون نەفسی خۆیان لەپێناوی ببەخشن، بەڵێ ئەوان پاشای موشریکانی ئەوکات و گەورەترین دوژمنی ئیسلام و دین و موسڵمانان و پێغەمبەر ئەبو جهل بوو کەوا زۆر ترین ئازاری پێغەمبەری خۆشەویستی دا [ڕۆحم بەفیدای] جنێو و سووکایەتی و دەرکردن ، بۆیە خوای تعالى دوو گەنجی تازە پێگەیشتووی لەنێو ئەهلی ئیسلام مسخر کرد کەوا تۆڵەی جنێو و سووکایەتیەکانی دەرهەق بە پێغەمبەر لێبکەنەوە.

٦ ئەبو طلحة الأنصاري رضى الله عنه

خۆشەویستی ئەم هاوەڵە بەڕێزە لەم بەسەرهاتە بەدەر دەکەوێت:

أنس بن مالك رضى الله عنه دەڵێ: کاتێ کەلە ڕۆژی (أُحد) دا کەسانێ لە جەنگاوەران لە شەڕ هەڵهاتن و پێغەمبەریان بەجێهێشت، (أبو طلحة)یش لەبەردەمی پێغەمبەردا بوو (صلى الله عليه وسلم) بە پارچەیەك پێست بەری گرتبوو لە پێغەمبەر و شێوە قەڵغانێکی بۆ دروست کردبوو، (أنس)وتی: (أبو طلحة) پیاوێکی دەست ڕاست و تیر بەهێز بوو. لەو ڕۆژەدا دوو یا سێ کەوانی شکاند، هەر کە پیاوێ تێدەپەڕی بەلایدا و تیرخانی پێبووایە، پێغەمبەر دەیفەرموو: (تیرەکانت دانێ بۆ (أبو طلحة)). پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لە گۆشەیەکەوە دەیڕوانیە خەڵکەکە، (أبو طلحة) دەیووت: [ئەی پێغەمبەری خوا، باوك و دایکم بە فیدات بن، دەرمەکەوە، نەبادا تیرێ لە تیرەکانی ئەو بێباوەڕانە بەرت بکەوێ، گیانم بە فیدای گیانت بێ]! (أنس)وتی: بینیم بەچاوی خۆم وا عائیشەی کچی أبو بکر و (أم سليم) خۆیان هەڵکردوە بە جۆرێ کە خەڵخاڵی پێیانم دەبینی، کوندە ئاو لەسەر پشتیان بوو دەیانگواستەوە، پاشان کوندەکەیان خاڵی دەکردەوە لەدەمی جەنگاوەراندا، پاشان دەگەڕانەوە پڕیان دەکردەوە، دیسان دەهاتنەوە خاڵیان دەکردەوە لەدەمی جەنگاوەراندا،

دوو جار سێ جار شمشێر لەدەستی (أبو طلحة) کەوتە خوارەوە لەتاو ئەوە کە خەو زۆری بۆ هێنابوو[٨].

سوود:

سبحان الله سەیری خۆشەویستی ئەوان بۆبکەن بۆ پێغەمبەرەکەیان لەنێو جەرگەی جیهاد و جەنگ دا خەمی ئەوەیەتی کەوا رسول الله سەلامەت بێت بۆ یە دەڵێت: ئەی پێغەمبەری خوا، باوك و دایکم بە فیدات بن، دەرمەکەوە، نەبادا تیرێ لە تیرەکانی ئەو بێباوەڕانە بەرت بکەوێ، گیانم بە فیدای گیانت بێ.

٧ خۆشەویستی أنصار بۆ پێغەمبەر

هاوەڵی بەڕێز أنس دەڵێ: کاتێ پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) هەواڵی گەیشتنی کاروانەکەی (أبو سفیان)ی پێگەیشت کەوتە ڕاوێژ کردن، (أبو بکر) قسەی کرد، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ڕووی لێ وەرچەرخان، پاشان (عمر) (خوای لێ ڕازی بێت) قسەی کرد ڕووی لەویش وەرچەرخاند، (سعد بن عبادة) هەستاو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا مەبەستت ئێمەیە؟ [سوێند بێ بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر فەرمانمان پێبدەیت بە ئەسپەکانمانەوە بچینە نێو چەقی دەریا ئەوا دەچینە ناوی، وە ئەگەر فەرمانمان پێبدەیت لە سکیان بدەین و بچین بۆ (برك الغماد)ئەوا ئەوە دەکەین]] !!، (أنس) وتی: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بانگی خەڵکی کرد و خەڵکی بە پرتاو ڕۆیشتن هەتا لەبەدر هەڵیان دا، حوشترە ئاو هەڵگرەکانی قورەیشیش هاتن بەسەریاندا، بەندەیەکی ڕەشتاڵەی تیرەی (بني الحجاج) یان تێدابوو، دەست بەجێ گرتیان، ئینجا هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه

---

٨ (ئەم بەسەرهاتە هاتوە لە [بخاري / فضائل الصحابة/ ٣٦٠٠] وە لە (کتاب المغازی دا ٤٠٦٤ هاتووە) وە مسلم ریوایەتی کردوە ١٨١١ ، وە لە مسند احمد هاتووە)

وسلم) کەوتنە پرسیار کردن لێی لەبارەی أبو سفیان و هاوەڵانیەوە؟ ئەویش دەیوت: هیچ لە بارەی أبو سفیانەوە نازانم، بەڵام ئەوە (أبو جهل و عُتبة و شیبة و أمیةی کورِی خلف)ە کە ئەوەی وت لێیاندا، ئینجا وتی: بەڵێ، هەواڵتان دەدەمێ، ئەوە أبو سفیانە، کە وازیان لێدەهێنا و پرسیاریان لێدەکرد دەیوت: هیچ لەبارەی أبو سفیانەوە نازانم، بەڵام ئەوە (أبو الجهل و عتبة و شیبة و أمیةی کورِی خلف) لەناو خەڵکەکەدان، کە ئەوەی دەوت لێیان دەدا، پێغەمبەری خوایش (صلی الله علیه وسلم) وەستابوو نوێژی دەکرد، کە ئەوەی بینی لە نوێژەکەی سەلامی دایەوە و فەرمووی: (سوێندبێ بەو کەسەی گیانی منی بەدستە کە ڕاستی دەوت لێتان دەدا کە درۆی لەگەڵ دەکردن وازتان لێدەهێنا) ئینجا پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی :(ئەمە (شوێنی) تیاچوونی فلانە) لێرەو لەوێ دەستی دەخستە سەر زەویەکە، هیچ کام لەو (کوژراوانە) دوورنەکەوتبوونەوە لە شوێن دەستی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم).[٩]

سەیری ملکەچی هاوەڵان و أنصار بکەن سعد یەکێکە لە گەورەکانی نێو ئەوان دەڵێت : (سعد بن عبادة هەستاو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا مەبەستت ئێمەیە؟ [سوێند بێ بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر فەرمانمان پێبدەیت بە ئەسپەکانمانەوە بچینە نێو چەقی دەریا ئەوا دەچینە ناوی، وە ئەگەر فەرمانمان پێبدەیت لە سکیان بدەین و بچین بۆ (برك الغماد)ئەوا ئەوە دەکەین]!

برك الغماد: ناوی شوێنێکە دوورە، لە وڵاتی هجر.

٩ (ئیمامی مسلم لەکتابی کۆچ و جەنگەکان ،باب جەنگی بدر ریوایەتی کردووە)

٨ مامی أنس بن مالك کەوا أنس بەناوی ئەوەوە ناو نراوە

ثابت دەڵێ: أنس رضی الله عنه فەرمووی: ئەو مامەیەم کەمن بە ناویەوە ناونراوم ئامادەی جەنگی بەدر نەبوو لە خزمەت پێغەمبەری خوادا صلى الله عليه وسلم دەڵێ: ئەویش ئەمەی لا زۆر زەحمەت بوو. وتی: یەکەم جەنگێك پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئامادەی بوو منی لێبێبەش بووم و ئامادەی نەبووم ئەگەر لەمەولا خوای گەورە دیمەنی جەنگێکی دیکەی نیشان دام لە خزمەت پێغەمبەردا صلى الله عليه وسلم ئەوە خوا دەزانێت چی دەکەم، دەڵێ: ترسا کە شتێکی تر بڵێ. لە خزمەت پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم) لە جەنگی أُحد دا ئامادە بوو. لەو ڕۆژەدا (سعد)ی کوڕی (معاذ) بەرەو ڕووی دێت و (أنس) پێی دەڵێت: ئەی (أبا عمر) بەرەو کوێ؟ ئەویش دەڵێ: ئاە تامەزرۆی بۆنی بەهەشتم لە ڕووی کێوی (احد) دا هەستی پێدەکەم، ئیتر لەگەڵیان جەنگا تا کوژرا [لە لەشیدا واتە جەستەی]هەشتا و ئەمەندە برینی تێدابوو لە لێدانی ڕم و شیر و تیر. !خوشکەکەی کە(ربیع)ی کچی (النضر)دەڵێ: براکەمم نەناسیەوە بەسەر پەنجەکانیدا نەبێت. ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە ﴿ مِّنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ رِجَالٞ صَدَقُواْ مَا عَٰهَدُواْ ٱللَّهَ عَلَيۡهِۖ فَمِنۡهُم مَّن قَضَىٰ نَحۡبَهُۥ وَمِنۡهُم مَّن يَنتَظِرُۖ وَمَا بَدَّلُواْ تَبۡدِيلٗا ٢٣ ﴾ [الأحزاب]: [لە نێو بڕواداراندا پیاوانێك هەن لەسەر بەڵێنی خۆیان مردوون بە ئاکامی خۆیان گەیشتن و هەشیانە چاوەڕوان دەکات و بەڵێنی خۆیانیان نەگۆڕیووە] دەڵێ: خەڵکی وای بۆ دەچوون کە ئەم ئایەتە لەشانی ئەوو هاوەڵەکانیاندا هاتبێتە خوارەوە.[١٠]

١٠ ئەم باسە مشهورەو ناسراوە [ئیمامی البخاري/لە الجهاد/٢٦٥١]، وە هەروەها ئیمامی مسلم لە کتاب الجهاد وە ئیمامی ئەحمد لە مسند ریوایەتیان کردووە.

تێبفکرن:

خۆشەویستی ئەم هاوەڵە بۆ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەجۆرێک بووە کەوا تەنها لەیەک جەنگ ئامادە نەبووە ئەویش بەهۆکار نەك بەبێ هۆکار بۆیە زۆر لای سەخت و نارەحەتیە کەوا ئامادە نەبووە لە گەڵ رسول الله دا ، بەڵێ ئەمان بەو شێوە بوون بۆیە ئەبینین چونکە خۆشەویستیەکەی بەڕاستگۆیانە بووە بە قسەو کردار سەلماندوویانە خوای تعالى لەسەرووی عەرشەوە دووپاتی ڕاستگۆیی ئەم هاوەڵە بەڕێزەی کردەوە هەتا ڕۆژی کۆتایی بەگەورەیی دەمێنێتەوە.

بەشی دووەم : ملکەچی هاوەڵان بۆ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم

لەو بەشەدا چەند نمونەیەکی کورت و جیاوازی ملکەچی هاوەڵە بەرێزەکان دەخەینە ڕوو لە زۆرینەی بوارەکاندا و لەکات و ساتی جیاوازدا .

١ هاوەڵی بەرێز عمر بن الخطاب رضی الله عنه وارضه

ئیمام و خەلیفەی دووەمی هەموو ئوممەت عمر بن الخطاب زۆر لەوە زیاتر من بێم لێرەدا بەدوو دێر وەسفی بکەم، چونکە دەگمەن هەیە کتێبێک هەبێت و ژیانی ئەم پێشەوا بەرێزەی لەخۆ نەگرتبێت ، هەروەها ، زۆرینەی ئوممەت لەزۆرینەی چینەکان ئەو ئیمامە بەرێزە دەناسێت وە لەنێو ئوممەتی ئیسلام بەهەموو گرووپەکانەوە جگە لە (ڕافیزە)نەبێت. بەڵام ، تەنیا دوو مەقیف و پووختەیەکی کورت وەك بیرهێنانەوە دەخەمە ڕوو .

ئیمامی عمر ئەو پێشەوایەیی کەوا عبدالله بن مسعود دەربارەی ئەو هەروەک لە صحیح البخاري هاتووە دەفەرموویێت : بەردەوام بەعیززەت تر دەبووین لەوکاتەوەی عمر موسڵمان بوو.

ئەو پێشەوایەی، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ، دەربارەی دەیفەرموو: (شیطان ناتوانێت بەو ڕێگایە بڕوات کە عمر پێی دا ئەڕوات).

ئەو ئیمامەی کەوا چەند جارێک خوای تعالی لەسەروی عەرشەوە تصدیقي قەول و ڕای عمری کرد لەبابی ، دیل و حجاب ، خمر.

ئەو ئیمامەی لە زۆرینەی زۆری کتوبەکانی سەلەف و خەلەف بەشێکی کورت تایبەت کراوە بە دانان بەپلەو پایەیی بەجۆرێک یەکێک لە ئیجماعەکانی هەموو سەلەف کە هەر کەسێک دانی پێدا نەنێت ، لەئیسلام بەرییە.

ئەو ئیمامەی کە لەحدیث [سەنەد فیە مقال] دەفەرموێ، ئەگەر پێغەمبەرێک هەبووایە دوای من ئەوا عمر بوو.

ئەو ئیمامەی کە تا ئێستاش بوە ڕێنیشاندەر بۆ موسڵمان کەوا خۆیان بەدوای موسڵمانی پاک بگەڕێن بۆ کچ و خوشکانیان وەك ، کاتێک کەوا(حفصة) ی دایکی ئیمانداران ئیمامی عمر خۆی بەدوای موسڵمانێکی چاك دەگەڕا بۆی تائێستاش ، ئەو جۆرە ڕەفتارە بڵندترینە لەنێو موسڵماناندا.

ئەو پێشەوایەیی کە زۆرترین فتوحاتی ئیسلام لەسەردەمی ئەو کرا و فتح کرا.

خەلیفەی نیوەی زەوی بوو بەڵام جلەکانی کەلەبەری بوون کۆن و بەپینە بوو ، خەلافتێکی دروست کرد یاخوود تەواو کرد تا ئەمڕۆش منداڵی نێو بێشکە بەگریانەوە کاتێک باسی عەدالەت دەکرێ دەڵێن کوا (عمر).

ئەو ئیمامە بوو کاتێک شەهیدکرا پێش ئەوەی وەفات بکات دوای برێندار بوونی ، کە بورابۆوە کاتێ هۆشی هاتەوە ، فەرمووی(نوێژەکەم).

أ / ابْنِ عُمَرَ ، رضی الله عنهما لە باوکیەوە عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ ،رضی الله عنه دەفەرموێت رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێم گەیشت لە [ڕیوایەتێک دەڵێت گوێی لێ بوو] لەوکاتە دا سوێندی بە باوکی دەخوارد ، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: ((خوای تعالی ڕێگری کردووە لەوەی کە سوێند بخۆین بە باوانمان هەر کەسێك سوێندی خوارد با بە الله بیخوات گەرنا بێدەنگ بێت))

عبدالله دەفەرموێ ، عمر فەرمووی والله لە و ڕۆژەوە سوێندم بەو شتە نەخواردووە(ذَاكِرًا) تەنانەت لەنەفسیشم دا، (وَلَا آثِرًا) وە نەبە قسەو گۆ بەهیچ شێوەیەك.[١١]

ب : شقیق دەفەرموێ شیبە بن عثمان بن طلحة فەرمووی: عمر بن الخطاب لەو شوێنەی کە تۆ لێی دانیشتبووی ئەویش دانیشتبوو لەلای کعبە، فەرمووی لێرە ناڕۆم هەتا ئەو ماڵەی کعبە دابەش نەکەم، منیش گوتم تۆ ئەو کارە ناکەی ،فەرمووی [بلی لأفعلن] من هەر دەیکەم.

پێم گوتەوە تۆ ناتوانی ، پێی فەرمووم باشە لەبەرچ ؟ منیش پێم گووت ، پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم و أبو بکر ئەو ماڵەیان بینی وە زۆر لەتۆ زیاتر پێویستیان بەماڵ بوو، بەڵام هیچ دەستکاریان نەکرد، دەڵێ ئەویش هەستاو ڕۆیشت.[١٢]

سوود:

ئیمامی عمر خەلیفە بوو واتە پادشا نەك پادشا بگرە دەیان والی واتە پاشای ووڵاتانی لەژێر دەست بوو کێ لە ئێوە تەنانەت شیبەی کوڕی عثمان دەناسێت! بەڵام بینیتان ئیمام عمر چۆن ملکەچ بوو بێ هیچ ووشەو دەربڕینێک ڕاستەو خۆ هەستا کاتێک ناوی پێغەمبەر هات ، ئەوەیە ملکەچ بوونی ئەوان بۆ دین و فەرمانەکان .

---

١١ [صحيح البخاري، و مسلم ، سنن ابو داود]
١٢ حديثة لە سنن أبي داود (كتاب المناسك)وەسەنەدی صحيحة و ئەبو داود بە تەنیا واردی کردیە.

٢ هاوەڵی بەڕێز کعب بن مالك رضی الله عنه

ناوی تەواوی : كَعْبُ بنُ مَالِكِ بنِ أَبِي كَعْبِ عَمْرِو الأَنْصَارِيُّ ابْنِ القَيْنِ بنِ كَعْبِ بنِ سَوَادِ بنِ غَنْمِ بنِ كَعْبِ بنِ سَلَمَةَ الأَنْصَارِيُّ، الخَزْرَجِيُّ، العَقَبِيُّ، الأُحُدِيُّ.

- شَاعِری رَسُوْلِ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- بوو.
- یەکێک بوو لەو سێ هاوەڵەی کەوا لە جەنگی تەبوك دواکەوت و نەڕۆیشت دواتر تۆبەی کردو خوای تعالی تۆبەکەی لێ قبوڵ کرد.
- یەکێک بووە لەو هاوەڵانەی کە ئامادەی(العقبة) بووە.

الذهبي دەڵێت : کۆمەڵێک فەرموودەی هەیە کە ژمارەی دەگاتە ٣٠ فەرموودە البخاري فەرموودەیەکی لێ هێناوە بە تفرد وە مسلمیش بەهەمان شێوە.

وە دەڵێن کونیەی (ناسناوی) لە سەردەمی جاهلی (أَبَا بَشِيْرٍ) بوو.

ابْنُ أَبِي حَاتِمٍ لەباوکیەوە دەڵێت : کعب لە ئەهلی الصفة بوو وە چاوەکانی لەدەستدا لەسەردەمی خەلافەتی معاوية دا.[١٣]

کعب دەڵێت : کاتێک لەئوحد تۆشی شکست هاتین من یەکەم کەس کەوا پێغەمبەرم بینیەوە بەزیندوویی و موژدەم دا بەئیمانداران ، وەمن لەدۆڵێک بووم ، پێغەمبەر بانگی کعبی کرد ، کعب لەو ڕۆژەدا شەڕێکی زۆر سەختی کرد بەجۆرێک لە حەڤدە شوێن بریندار کرا.[١٤]

ابْنُ سِيْرِيْنَ دەڵێت : شاعیرەکانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم سێ بوون (حَسَّانُ بنُ ثَابِتٍ، وَعَبْدُ اللهِ بنُ رَوَاحَةَ، وَكَعْبُ بنُ مَالِكٍ).

---

١٣ " الجرح والتعديل " ٧ / ١٦٠، ١٦١.
١٤ " سيرة ابن هشام " ٢ / ٤٣، والمستدرك ٣ / ٤٤١.

هەروەها پێغەمبەر ، برایەتی لەنێوان کعب بن مالك و الزبير بن العوام کرد ، ئەم هاوەڵە بەڕێزە وەفاتی لە ساڵانی ٥٠ -٥١ وەالهَيْثَمِ، وَالمَدَائِنِيِّ: دەڵێن لە سالی ٤٠ هجری وەفاتی کردووە.

وەالهَيْثَمِ بنِ عَدِيٍّ دەڵێت: لەسالی پەنجاو یەك وەفاتی کردووە.[١٥]

چەند بەسەرهاتێک لەملکەچی ئەو هاوەڵە بەڕێزە

أ / پەندێك لە بەسەرهاتی[کعب بن مالك] رضی الله عنه حدیثی کعب بن مالك لەزۆربەی سنن و صحيح ەکان هاتووە وەك [البخاري و مسلم و ابو داود و الترمذي و النسائي و مسند احمد ...] باسەکە دوور درێژە بەڵام من دوو ڕیوایەتی باس دەکەم.

[صحابي بەڕێز کعب خۆی بۆمان باس دەکات دەفەرموێت ، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمانی کرد بەوەی هیچ موسڵمانێک قسەم لەگەڵ نەکات تاوای لێهات چل ڕۆژم بەسەر دا ڕۆیشت زەوی زۆر لام تەسك و تەنگەبەر بوو لەو کاتەدا نێردراوی رسول الله هات گووتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمانی کردوە بەوەی لەگەڵ ژنەکەت لێك دوور بن واتە دەستی لێ نەدەی کعب فەرمووی چیبکەم طلاقی بدەم یان چ شتێک ؟

ئینجا کعب خێزانەکەی بردەوە ماڵی باوکی فەرمووی هەتا ئەوکاتەی خوای تعالی بۆمان یەکلا دەکات ، کعب دەفەرموێ پەنجا ڕۆژی زۆر ناخۆشم بەسەر دا ڕۆیشت والله لەدیوار أبو قتادە م بینی سەلامم لێی کرد لەکاتێک کوڕی مامم بوو (واتە ئامۆزا) واللەی وەڵامی سەلامی نەدامەوە دوای ئەوە موژدە دەرێک هات فەرمووی ئەی کعب موژدەت لێبێت ، درێژەی حدیث ..]

١٥ سەرچاوە : [سير أعلام النبلاء ، فصل في بقية كبراء الصحابة الجزء ٢ ، الطبقة ١]

سوود و وربوونەوە:

دوو سوود و ملکەچی هاوەڵان:

یەکەمیان : سەیری کعب بکەن وازیان لێهێنا تەنانەت قسەشیان لەگەڵ نەکرد واتە هجر کرا بەڵام کاتێک کەوا چل ڕۆژی بەسەردا ئەڕوات دەڵێن تەنانەت لەخێزانیشت نزیک مەکەوە دەفەرموێ باشە چیبکەم تەڵاقی بدەم ! ئەوەیە ملکەچی تەنانەت ئەگەر فەرمانکرایە تەڵاقێشی ئەدا بێ ئەوەی یەك ووشەی نارەزایی لێدەر چێت.

دووەمیان : أبو قتادة الأنصاري ، فارس رسول الله صلى الله عليه وسلم کاتێک ئامۆزای خۆی سەلامی لێ ئەکات بەڵام تەنانەت وەڵامیشی ناداتەوە بۆ؟ چونکە فەرمانی رسول الله یە چۆن ملکەچ نابن !

سبحان الله ئەوەیە ملکەچ بوون ئەوەیە وەلائو بەرائەت کردن.

ب / دوای قبوڵ بوونی تۆبەی سێ هاوەڵەکە کعب بن مالك و أبو لبابە بن عبدالمنذر

هاتن بۆ لای پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، کعب فەرمووی: (ئەی پێغەمبەر خوا لەجێگای ئەوەی تۆبەم لێ قبوڵ کراوە ئەوا من هەموو ماڵ و موڵکی خۆم دەبەخشم لەپێناو خواو رسولەکەی ، پێی فەرموو بەڵام بەشێک لەماڵەکەت بهێڵەوە وا خێری بۆت تێدایە ، کعب فەرمووی من سهمی خیبرم دەهێڵمەوە)

وە لەڕیوایەتی أبو لبابە دەفەرموێ : (ئەی پێغەمبەری خوا من بڕیارم داوە کۆچ بکەم لەو ماڵەی کەوا تاوانم لێی ئەنجام داوە ، بۆیە هەموو ماڵەکەشم لەپێناو خوا دەبەخشم ،

پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فەرمووی نەخێر ، پێی گووت نیوەی ماڵەکەم ، فەرمووی نەخێر ، گووتم سێیەکی ، فەرمووی ، بەڵێ).[١٦]

سوود :

وازیان لەهەرچی ماڵ و موڵك بوو هێنا و بەخشیان تەنها لەبەر ئەوەی الله لێیان ڕازی بووە، ئەوەیە ملکەچ بوون و گوێ ڕایەڵی دین.

بۆیە بزانن ئەو سامانەی ئێوەمانان هەموو تەمەنتانی بۆ تەرخان ئەکەن و دڵتان نایەت بیخۆن، لای هاوەڵان نرخی یەك تاڵە پووشی نەبووە ..

جـ / عبدالله بن کعب بن مالك ئەویش لە باوکی کعب بن مالك رضی الله عنه ، لەگەڵ ابن حدرد لەسەر قەرزێک کەوا لای بوو بوە کێشەیان و دەمەتەقێ لەنێو مزگەوت ، دەنگیان بەسەر یەك دا بەرز کردەوە تاوەکو پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کە لەنێو ماڵی خۆیدا بوو گوێی لێبوو پەردەی لای مزگەوتی هەڵداوە بانگی کرد ئەی کعب بن مالك ، کعبیش وەڵامی دایەوە و فەرموی [لبیک یا رسول الله وسعدیك] ئیشارەی بۆ کعب کرد بەدەستی نیوەی قەرزەکەت بێنە خوار ، کعبیش فەرمووی ئەوا جێبەجێم یا رسول الله ئینجا پێیانی فەرموو هەستن.[١٧]

ئەوەیە ملکەچی تەنیا بەئیشارەت پێی فەرموو لەنیوەی ماڵەکەت تنازول بکە و وەرە خوار بۆ ئەوەی قەرزدار بتوانێت قەرزەکەی بداتەوە بێ هیچ کەلامێک یان نارەزاییەك فەرمووی ئەوا جێبەجێم کرد.

---

١٦ ئەم بەسەرهاتە لە کۆمەڵێک سەرچاوە هاتوون وەك: [البخاري و مسلم و ابي داود والترمذي و مسند احمد و کۆمەڵێکی تر..]

١٧ [حدیثێکی صحیحة ئیمامی ئەبو داود ، وە البخاري و زۆرێکی ریوایەتیان کردووە]

٣ هاوەڵی بەڕێز أبو موسى الأشعري رضى الله عنه

أَبُو مُوْسَى الأَشْعَرِيُّ عَبْدُ اللهِ بنُ قَيْسِ ابْنِ سُلَيْمِ بنِ حَضَّارِ بنِ حَرْبٍ. الإِمَامُ الكَبِيْرُ

یەکێکە لە ئەهلی علم لەنێو هاوەڵان و بە أصحاب السفينة ناسراوە کاتێک لەیەمەنەوە بەڕێدەکەوێت بۆ ئەوەی بچێتە مەدینە دواتر دەچێتە حەبەشەو لەوێدا بە هاوەڵی ئەزیز (جعفر بن أبو طالب) دەگات پێکەوە بەرەو مەدینە بەڕێدەکەون ، گەیشتنی أبو موسى هاوکات بوو لەگەڵ (فتحي خيبر).

أَبُو بُرْدَةَ لەباوکی أَبِي مُوْسَى، دەڵێت: (دەرچووین لەیەمەن ، لەنێوان پەنجاو شتێک لە هۆزەکەم وە ئێمە سێ برا بووین، من، وَأَبُو رُهْمٍ، وَأَبُو عَامِرٍ، دەرچووین کەشتیەکەمان ڕۆیشت بەرەو النجاشي ، کە جعفر و هاوەڵانی لا بوو، کاتێک گەیشتین خەیبەر ڕزگار کرابوو رَسُوْل اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: (لَكُمُ الهِجْرَةُ مَرَّتَيْنِ، هَاجَرْتُمْ إِلَى النَّجَاشِيِّ، وَهَاجَرْتُمْ إِلَيَّ) واتە ئێوە دوو کۆچتان بۆ بوو کۆچتان کرد بۆ لای نەجاشی و وەلای من).[18]

لە(الصَّحِيْحَيْنِ) : هاتووە لە أَبِي بُرْدَةَ بنِ أَبِي مُوْسَى، ئەویش لە باوکیەوە دەفەرموێت، رَسُوْلَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- فەرمووی: ((اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِعَبْدِ اللهِ بنِ قَيْسٍ ذَنْبَهُ، وَأَدْخِلْهُ يَوْمَ القِيَامَةِ مُدْخَلاً كَرِيْماً)).[19]

---

١٨ أخرجه ابن سعد (٤ / ١٠٦)، والبخاري (٧ / ٣٧١)، ٣٧٢، ومسلم (٢٥٠٢) وأحمد (٤ / ٣٩٥ و٤١٢).
١٩ أخرجه البخاري ٨ / ٣٥ في المغازي: باب غزوة أوطاس، ومسلم (٢٤٩٨) في الفضائل.

أبو موسى دەنگ خۆشترین قارئي ئوومممەت ، وەك له حديثي ،صحيح أبو داود ،النسائي ، أحمد هێناویانه لەدایکمان عائشة رضى الله عنها: (ئەبو موسى مزامر آل داودي پێبەخشراوە لەدەنگ خۆشی)، واتە دەنگێکی تایبەت و نەرم و خۆش کە خوای تعالى بە پێغەمبەر داود عليه السلام ی بەخشیوە.

وه له ئەبو هريرة هاتوە: (لَقَدْ أُعْطِيَ أَبُو مُوْسَى مِزْمَاراً مِنْ مَزَامِيْرِ آلِ دَاوُدَ).

بۆیە أَبُو عُثْمَانَ النَّهْدِيّ دەڵێت: کاتێک أبو موسى پێش نوێژی بۆدەکردین حەزمان دەکرد البقرة بخوێنێت بەهۆی خۆشی دەنگەکەی ، چونکە هیچ شتێکم گوێ لێ نەبووە خۆشتر بێت لەدەنگی ئەو.[٢٠]

یەکێک بووە لەهاوەڵە متمانە پێکراوەکانی پێغەمبەر ، کەوا کاتێک لەژیاندا بوو ناردوویەتی بۆ (یەمەن) وەك باسەکە مشهورە لە كتب الستة ، وە ئیمامی عمر کردوویەتی والی البصرة.

الأَسْوَدَ بنَ يَزِيْدَ دەڵێت: نەمبینیوە لەکوفە ، کەسێک عالم تر بێت وەك أبو موسى وعلي بن أبي طالب.

مَسْرُوْقٌ بن الأجدع دەڵێت: (القَضَاءُ) واتە عالم و دانا فِي الصَّحَابَةِ إِلَى سِتَّةٍ: عُمَرَ، وَعَلِيٍّ، وَابْنِ مَسْعُوْدٍ، وَأُبَيٍّ، وَزَيْدٍ، وَأَبِي مُوْسَى.

---

٢٠ ابن عساكر: ٥٢٧ من طريق الامام أحمد، عن المعتمر، عن أبيه، عن أبي عثمان.

شُعْبَةُ له سِمَاكٍ، له عِيَاضٍ الأَشْعَرِيِّ، دەڵێت: كاتێک ئەم ئایەتە دابەزی : ﴿ فَسَوۡفَ يَأۡتِي ٱللَّهُ بِقَوۡمٍ يُحِبُّهُمۡ وَيُحِبُّونَهُۥٓ ﴾ [المائدة ٥٤] ؛ رَسُوْلُ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- : بەئەبو موسی ـی گووت، ئەوە قەومەکەی تۆیە، ئیشارەی بۆ کرد.[٢١]

أَبُو سَلَمَةَ بنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ دەڵێت: ئیمامی عمر هەرکات أبو موسی ی ببینیایە ، دەیفەرموو: بیرمان بێنەوە ، یان بۆمان بخوێنە ، واتە قورئان ، ئەویش بۆی دەخوێندەوە.

ئەو هاوەڵە بەڕێزە ئەگەر لەسەری بنوسین پێویستی بەدەیان لاپەڕە هەیە.

یزید بن أوس دەڵێت: چوومە لای أبو موسی لەکاتی سەرە مەرگیدا بوو خێزانەکەی هات بۆ ئەوەی دەست بکات بەگریان یان شتێکی لەو شێوە لەو حاڵەدا أبو موسا پێی فەرموو ئایا ئەوەت زانیوە کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم چ فەرموو ؟ گووتی بەڵێ ئینجا بێدەنگ بوو هیچ شتێکی نەکرد ، یزید دەڵێ دوای ئەوەی أبو موسی وەفاتی کرد گەیشتم بە خێزانەکەی و پێم فەرموو ئەوشتە چی بوو کەوا ئەبو موسی بەتۆی گووت لەکاتی سەرە مەرگدا ئەویش فەرمووی: [لیس منا من حلق ومن سلق ومن خرق]

واتە: لەئێمە نیە ئەوەی پرچی بتاشێت لەکاتی مصیبەت وە ئەوەی دەنگی بەرز بکاتەوە بە ووشەی ڕێگە پێ نەدراو وەئەوەی جل و بەرگی خۆی دادڕێت.[٢٢]

---

٢١ رجاله ثقات، وأخرجه ابن سعد ٤ / ١٠٧، وصححه الحاكم ٢ / ٣١٣، ووافقه الذهبي، وهو في تاريخ ابن عساكر: ٤٥٦، ٤٥٧.

٢٢ [ئەم حدیثة ئیمامی ئەبو داود لەسنن [كتاب الجنائز] هێناویەتی بەتەنها بەو لفظة له یزید بن أوس بەڵام به لفظي تر لە کتب التسعه وارده]

سوود:

ئەوان لەکاتی سەرە مەرگیشدا خەمی ئەوەیانە ملکەچی فەرمان بن وە أمر بالمعروف دەکەن نهی لە منکر دەکەن ئەوەیە نمونەی پیاو و ئافرەتی ملکەچی نێو هاوەڵان.

وەفاتی أبو موسی الأشعري:

وَقِيْلَ: سَنَةَ ثَلاَثٍ وَأَرْبَعِيْنَ. واتە دەڵێن ، ٤٣ هـ

وَ أَبُو نُعَيْمٍ، وَ أَبُو بَكْرِ بنُ أَبِي شَيْبَةَ، وَابْنُ نُمَيْرٍ، وَقَعْنَبُ بنُ المُحَرَّرِ دەڵێن: تُوُفِّيَ سَنَةَ أَرْبَعٍ وَأَرْبَعِيْنَ.واتە ساڵی ٤٤ هـ

وَ الوَاقِدِيُّ، دەڵێت : مَاتَ سَنَةَ اثْنَتَيْنِ وَخَمْسِيْنَ، ٥٢ هـ

وَالمَدَائِنِيُّ: سَنَةَ ثَلاَثٍ وَخَمْسِيْنَ، بَعْدَ المُغِيْرَةِ. ٥٣ هـ پاش المغيرة

والذهبي دەڵێت: وَقَدْ ذَكَرْتُ فِي (طَبَقَاتِ القُرَّاءِ) : تُوُفِّيَ أَبُو مُوْسَى فِي ذِيْ الحَجَّةِ، سَنَةَ أَرْبَعٍ وَأَرْبَعِيْنَ، عَلَى الصَّحِيْحِ.

واتە: وەفاتی ئەبو موسی لەساڵی ٤٤ ی کۆچی بووەرضی الله عنه وارضه.

٤ هاوەڵی بەڕێز أبو أيوب الأنصاري رضى الله عنه

أَبُو أَيُّوْبَ الأَنْصَارِيُّ خَالِدُ بنُ زَيْدِ بنِ كُلَيْبٍ الخَزْرَجِيُّ، النَّجَّارِيُّ، البَدْرِيُّ.

ئەوهاوەڵە بەڕێزەی پێغەمبەر كاتێک ڕۆیشتە مەدینە یەکەم ماڵ و جێگا کە تێیدا مایەوە لە (بەنی نەجارٍ) لای ئەو بوو.

الذهبي لە سیر دەڵێت: (وَلَهُ عِدَّةُ أَحَادِيْثَ، فَفِي (مُسْنَدِ بَقِيٍّ) : لَهُ مائَةٌ وَخَمْسَةٌ وَخَمْسُوْنَ حَدِيْثاً؛ فَمِنْهَا فِي (البُخَارِيِّ وَمُسْلِمٍ) : سَبْعَةٌ، وَفِي (البُخَارِيِّ) : حَدِيْثٌ، وَفِي (مُسْلِمٍ) : خَمْسَةُ أَحَادِيْثَ).

ژمارەیەک فەرموودەی هەیە (ریوایەتی کردووە):

- لەمسند ، ١٥٥ فەرموودە
- لەنێویان لە البُخَارِيِّ وَمُسْلِمٍ حەوت فەرموودە هاتووە
- کە لە البخاري یەك فەرموودە و لە مسلم پێنج.

الأَعْمَشُ: لە أَبِي ظَبْيَانَ، لە هەندێک لە شێخەکانیەوە لە أَبِي أَيُّوْبَ، دەیفەرموو: ادْفِنُوْنِي تَحْتَ أَقْدَامِكُمْ، سَمِعْتُ رَسُوْلَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- يَقُوْلُ: (مَنْ مَاتَ لاَ يُشْرِكُ بِاللهِ شَيْئاً دَخَلَ الجَنَّةَ).

واتە: ئەگەر مردم بم نێژن لەژێر پێیەکانتان چونکە من گوێم لە رَسُوْلَ اللهِ -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- بوو دەیفەرموو ئەوەی بمرێت و هاوبەش بۆ الله بریار نەدابێت دەچێتە بەهەشتەوە.[٢٣]

---

٢٣ رواه الطبراني (٤٠٤١) من طريق إسماعيل بن عمرو البجلي، عن زائدة، عن الأعمش، عن أبي ظبيان، عن أبي أيوب، وهو في " تاريخ دمشق " لأبي زرعة (١٠٢) .

(عروة بن الزبير) و کۆمەڵێکی تر دەڵێن: ئەبو ئەیوب بەشدار بووە لەجەنگی بەدر، هەروەها (محمد بن ئیسحاق) دەڵێت ، بەشداری پەیماننامەی (العقبة الثانية) کردووە.

محمد بن ئیسحاق دەڵێت: رسول الله صلى الله عليه وسلم برایەتی خستە نێوان (أبو أيوب و مصعب بن عمير).

ابْنُ يُوْنُسَ دەڵێت: أبو أيوب هات بەرەو میسر ساڵی ٤٦ لەرێگای دەریاوە.

وَ أَبُو زُرْعَةَ النَّصْرِيُّ دەڵێت: هاتە دِمَشْقَ لە زَمَنَ مُعَاوِيَةَ.

وَ الخَطِيْبُ البغدادي دەڵێت: بەشدار بووە لەجەنگی خەوارجەکان لەگەڵ عەلی دا .

يَزِيْدُ بنُ أَبِي حَبِيْبٍ لە أَبِي الخَيْرِ، لە أَبِي رُهْمٍ، دەڵێت: أَبَا أَيُّوْبَ بۆی باسکردم : رَسُوْلَ اللهِ - صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ- ئەوکاتەی هاتە ماڵمان ، لە خوارەوە ، وە منیش لە ژووری خۆم دا بووم، لەسەرەوە، لەوکاتەدا ئاومان لێ رژا من و دایکی ئەیوب ، بەپارچە پەڕۆیەك ئاسەواریمان نەدەهێشت، دواتر چوومە خوارەوە ، گوتم ئەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، ناکرێت ئێمە لەسەرووی تۆوە بین، بۆیە جێگاکەی گواستەوە، بۆ سەرەوە، بەڵام کەلووپەلەکانی زۆر کەم بوون!

گووتم ئەی پێغەمبەری خوا صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ کاتێک تۆ خواردنەکەمان بۆ دەنێریتەوە ، سەیر دەکەم ، کاتێک شوێنەواری پەنجەکانت ببینم لەسەری ، ئەوا دەستم دەخەمە ئەو شوێنە.

دەڵێم خۆشەویستیان بۆی بێ وێنە بووە سەیرکەن ، گووتی چۆن دەبێت من لەسەرەوەبم و پێغەمبەریش لەخوارەوە ، دواتر لەو شوێنە نانی دەخوارد کە پێغەمبەر نانی لێوە خواردوە،

چونكه ئه‌وان نانه‌كه‌یان نه‌ده‌خوارد هه‌تا ئه‌وكاته‌ی له‌سه‌ره‌تا بۆ پێغه‌مبه‌ر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ یان ده‌نارد ئه‌و ده‌یخوارد ئینجا ئه‌وان ده‌یان خوارد.

أَسْلَمَ أَبِي عِمْرَانَ ده‌فه‌رموێت: جه‌نگمان كرد جه‌نگی ئه‌و شوێنه واته [ڕۆم] وه له‌نێو ئه‌و كۆمه‌ڵه‌مان دا [عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ خَالِدِ بْنِ الْوَلِيدِ] تێدا بوو وه ڕۆم یش پشتیان به دیوارو قه‌ڵای شاره‌كه‌یانه‌وه كرد بوو، یه‌كێک له پیاوه‌كان هه‌ڵمه‌تی برد بۆ دوژمن ، خه‌ڵكه گووتیان مه مه (واته: سه‌یركه‌ن سه‌یركه‌ن)، لا إله إلا الله به‌ده‌ستی خۆی خۆی تووشی هه‌لاكه‌ت كردن كرد! ئه‌بو ئه‌یوب الأنصاری فه‌رمووی: ئه‌و ئایه‌ته بۆ ئێمه و له‌سه‌ر ئێمه‌ی ئه‌نصار هاته خواره‌وه ، كاتێک خوای تعالی ئیسلامی بڵاو كرده‌وه و پێغه‌مبه‌ره‌كه‌ی سه‌ر خست ، ئێمه‌ش گووتمان [هَلُمَّ] وه‌رن با خه‌ریكی ماڵ و منداڵمان بین هه‌وڵیان بۆ بده‌ین ، ڕاسته‌وخۆ ئایه‌تی: { وَأَنفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ } دابه‌زی، خۆ خستنه نێو هه‌لاكه‌ت به‌ده‌ستی خۆت ئه‌وه‌یه له‌نێو ماڵ و منداڵ بمێنیه‌وه و واز له‌تێكوشان بینین. ئه‌بی عمران فه‌رمووی ئه‌بو ئه‌یوب به‌رده‌وام بوو له‌جیهاد و تێكۆشان هه‌تاوه‌كو له فتحی ڕۆم.[٢٤]

تێبفكرن :

ئه‌بو أیوب الأنصاری ئه‌و صحابه‌یه بوو، كاتێك پێغه‌مبه‌ر صلى الله عليه وسلم چووه مدینه یه‌كه‌م ماڵ له‌وێدا مایه‌وه بۆماوه‌ی پانزه تاوه‌كو مانگێك ، وه ئه‌بو ئه‌یوب به‌هۆی دابه‌زینی ئه‌و ئایه‌ته له‌سه‌ریان هه‌تا مرد ملكه‌چی فه‌رمان بوو به‌جۆرێك ته‌مه‌نی له‌سه‌رووی[هه‌شتا ساڵ] بوو هه‌ر له‌تێكۆشان بوو تاوه‌كو له‌ڕێگای قسطنطينية وه‌فات ده‌كات

له‌ساڵی ٥٠ ، ٥١ ، ٥٢ ی كۆچی.

---

٢٤ ئه‌م حدیثة هاتووه له [سنن أبي داود/ كتاب الجهاد] و [سنن الترمذي]

٥ عَوْفُ بنُ مَالِكٍ الأَشْجَعِيُّ الغَطَفَانِي

ئەو هاوەڵە بەڕێزە یەکێک بووە لەوانەی ئامادەی فَتْحَ مَكَّة بووە وە کۆمەڵێك فەرمووده‌ی هەیە.

وە الذهبي لە سير دەڵێت: (فِي كُنْيَتِهِ أَقْوَالٌ: أَبُو عَبْدِ الرَّحْمَنِ، وَقِيْلَ: أَبُو عَبْدِ اللهِ، وَأَبُو مُحَمَّدٍ، وَأَبُو عَمْرٍو، وَأَبُو حَمَّادٍ).

واتە: لە کونیەی کۆمەڵێك بۆچوون هەیە ، دەڵێن: أَبُو عَبْدِ الرَّحْمَنِ، وَ: أَبُو عَبْدِ اللهِ، وَ أَبُو مُحَمَّدٍ، وَ أَبُو عَمْرٍو، وَأَبُو حَمَّادٍ.

ئەوانەی کەوا ریوایەتیان لێ کردووە بریتی بوون لە: أَبُو هُرَيْرَةَ، وَ أَبُو مُسْلِمٍ الخَوْلاَنِيُّ - وَجُبَيْرُ بنُ نُفَيْرٍ، وَأَبُو إِدْرِيْسَ الخَوْلاَنِيُّ، وَ رَاشِدُ بنُ سَعْدٍ، وَ يَزِيْدُ بنُ الأَصَمِّ، وَ شُرَيْحُ بنُ عُبَيْدٍ، وَ الشَّعْبِيُّ، وَ سَالِمٌ أَبُو النَّضْرِ، وَ سُلَيْمُ بنُ عَامِرٍ، وَشَدَّادٌ أَبُو عَمَّارٍ.

هەروەها ئامادەی جەنگی مُؤْتَةَ بووە.

أَبُو مُسْلِمٍ الخَوْلاَنِيُّ کاتێک ریوایەتی عوف بن مالك ی باسکردبا دەیفەرموو: (حَدَّثَنِي الحَبِيْبُ الأَمِيْنُ، أَمَّا هُوَ إِلَيَّ فَحَبِيْبٌ، وَأَمَّا هُوَ عِنْدِي فَأَمِيْنٌ: عَوْفُ بنُ مَالِكٍ).[٢٥]

وە الوَاقِدِيُّ دەڵێت: ئاڵای الأشجع ڕۆژی ڕزگار کردنی مەککە لای عوف بوو.

---

٢٥ ابن سعد ٤ / ٢٨١، و" المستدرك " ٣ / ٥٤٦.

وەفاتی ئەو هاوەڵە:

الوَاقِدِيُّ، وَخَلِيْفَةُ، وَأَبُو عُبَيْدٍ: دەڵێن ساڵی ٧٣ ی کۆچی وەفاتی کردووە. [٢٦]

هاوەڵی بەڕێز عوف بن مالك الأشجعی رضی الله عنه دەفەرموێت: ئێمە لەلای پێغەمبەر صلّى الله عليه وسلم بووین حەوت یان هەشت یان نۆ کەس ، پێغەمبەر فەرمووی ئایا بیعەت نادەن بە رسول الله صلّى الله عليه وسلم ؟ ئێمەش پێشووتر بیعەتمان دا بوو گووتمان ئێمە بیعەتمان داوە ، سێ جار وای پێ فەرمووین ئێمەش دەستمان بردو بیعەتمان دا یەکێک لە ئێمە فەرمووی ئەی پێغەمبەری خوا ئێمە پێشووتر بیعەتمان داوە ئەی ئێستا لەسەر چی بدەین؟ فەرمووی: [أن تعبدوالله ولاتشركوا به شيئا] واتە: خوای تعالى بە تاك و تەنها بپەرستن و هاوبەشی بۆ بڕیار دەن ، [وتصلوا الصلوات الخمس] پێنج نوێژە فەرزەکەش ئەنجام بدەن ، [وتسمعوا وتطيعوا] وە گوێ ڕایەڵ و ملکەچ بن ، دواتر ووشەیەکی کورتی بەنهێنی فەرموو ، گووتی ، [ولاتسألوا الناس شيئا] واتە دەست لەخەڵك پان نەکەن یان داوایان لێ نەکەن ، عوف دەڵێت دەمبینی کەسانێک لەوانە ئەگەر قامچی دەستی بکەوتبایە زەوی داوایان لەهیچ کەس نەدەکرد تاوەکو بۆیان بچەمێتەوە سەر زەوی و بۆیان هەڵگرنەوە.

وە لە حەدیثێکی تری صحیح لە ثوبان ی خزمەتکاری پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم، دەفەرموێت: رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی: ((هەریەك کەفالەتی ئەوەم بۆ بکات کەوا داوای هیچ شتێک لەخەڵك نەکات من کەفالەتی بەهەشتی بۆ دەکەم ، ثوبان فەرمووی من ، دەڵێ ثوبان داوای هیچ شتێکی لەکەس نەدەکرد)). [٢٧]

---

٢٦ سەرچاوەکان: [طبقات خليفة: ٣٠٢/٤٧ ، تاريخ خليفة: ٢٦٩ ، التاريخ الكبير: ٧ / ٥٦ ، المعارف: ٣١٥ ، الجرح والتعديل: ٧ / ١٤١٣ ، المستدرك: ٣ / ٥٤٦ ، الاستبصار: ١٢٦ ، الاستيعاب: ٣ / ١٢٢٦ ، أسد الغابة: ٤ / ٣١٢ - ٣١٣ ، تهذيب الكمال: ١٠٦٦]

٢٧ حديث ، صحيح ، سنن أبي داود : كتاب الزكاة : [١٦٤٣ ، ١٦٤٢]

تێبفکرن :

یەکەمیان بەهیچ شێوەیەك داوایان لەهیچ کەس نەدەکرد تەنانەت بجوکترین شتیان لێ بکەوتبایە سەر زەوی ئەوەیە ملکەچ بوون.

دووەمیان هەتا مرد داوای لەیەك کەس نەکرد بۆ هیچ شتێک چونکە بەڵێنی بە پێغەمبەر دابوو بۆیە جێبەجێی کرد.

٦ هاوەڵی بەرێز أبی بکرة

عبدالرحمن بن ابی بکرة دەفەرموێت: بەباوکم گووت ئەی باوکە من گوێم لێت ئەبێت تۆ هەموو بەیانیەك ئەم دووعایە دەخوێنیت، " اللَّهُمَّ عَافِنِي فِي بَدَنِي، اللَّهُمَّ عَافِنِي فِي سَمْعِي، اللَّهُمَّ عَافِنِي فِي بَصَرِي، لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ ". تُعِيدُهَا ثَلَاثًا حِينَ تُصْبِحُ، وَثَلَاثًا حِينَ تُمْسِي ؟ وە بەیانی و ئێوارە دەیلێیەوە؟

فەرمووی من گوێم لە رسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بووە کەوا ئەمانەی دەکرد واتە ئەم دووعایانە بۆ یە منیش پێم خۆشە شوێن سوننەتی ئەو بکەوم و (واتە لەهەموو هەنگاوێکدا لەسەر سووننەت بم).[٢٨]

هێنانی ئەم ابي بکرة وەك نمونەکانی تر گرنگە چونکە هێندە ملکەچ بووە بۆیە دەفەرموێت حەز دەکەم أقتدی بەسنەتی رسول بکەم ئەوە تعبیرە لەوپەڕی ملکەچیان بۆ پێغەمبەر.

٢٨ ئەم باسە ئیمامی ئەبو داود لە سنن لەکتاب الأدب بەژمارە ٥٠٩٠ هێناویەتی وەسەنەدی حسن ە والله اعلم ئەم لفظەش بۆ ئەبی داودە.

٧ عبدالله بن عمر رضی الله عنهما

هاوەڵی بەڕێز ٱبن عمر دەفەرموێت: کاتێ ئێمە نوێژمان دەکرد لەگەڵ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لەوکاتەدا یەکێک لەنێو خەڵکەکەدا گووتی اللَّهُ أَكْبَرُ كَبِيرًا، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ كَثِيرًا، وَسُبْحَانَ اللَّهِ بُكْرَةً وَأَصِيلًا. پێغەمبەر فەرمووی کێ بوو فلان و فلان ووشەی دەربڕی؟ یەکێک لەوان فەرمووی من ئەی پێغەمبەری خوا ، ئەویش فەرمووی سەرم سوڕما لەوە چونکە دەرگاکانی ئاسمانی بۆ کرانەوە.

لەڕیوایەتێک دەفەرموێت : دوازدە مەلائیکە کێبرکێیان بوو لەسەری.

عبدالله بن عمر دەڵێت: لەوکاتەوەی گوێم لەو قسەیە بوو هەتا ئێستا وازم لێی نەهێناوە.[٢٩]

وورد‌بونەوەی لێی:

هاوەڵی بەڕێز ابن عمر یەکێک بووە لەو هاوەڵانەی کەوا بست بەست شوێن هەنگاوەکانی پێغەمبەر کەوتووە هەم لەملکەچی وە هەمیش لە خۆشەویستی تەنانەت لەسەر گێڕانەوەی یەك فەرموودە کاتێک عبدالله بن عمر لەبارەی ئیزندانی ئافرەتان بۆ مزگەوت لە رسول الله صلی الله علیه وسلم دەگێڕێتەوە بەوەی ڕێگریان لێمەکەن با بچنە نوێژ و مزگەوت، لەوکاتەدا کوڕەکەی دەڵێت: والله لێیان ناگەڕێین بچن بۆمزگەوت و ڕێگەیان پێ نادەین، ئینجا لەوکاتەدا عبدالله وازی لێدەهێنێت و تەنانەت کاتێک عبدالله لەسەرە مەرگدایە کوڕەکەی دەچێتە لای ڕووی لێ وەر دەگێرێت.

---

٢٩ [صحیح مسلم، ٦٠١ / سنن النسائي ، ٨٨٦]

سالم بن عبدالله بن عمر بن الخطاب دەفەرموێ: گوێم لە کەسێکی شامی بوو پرسیاری دەکرد لە عبدالله بن عمر رضی الله عنهما لەبارەی [تمتع بالعمرة إلى الحج] ؟

ٱبن عمر فەرمووی: [هو حلال]، ئەو پێی فەرموو بەڵام باوکت نهی لێکردووە ، عبدالله پێی فەرموو ئایا گەر بێت شتێک باوکم نهی لێ کردبێت بەڵام پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەنجامی دابێت، أأمر أبي تتبع أم رسول الله ؟ گووتی: بێگوومان فەرمانی پێغەمبەر. عبدالله بن عمر فەرمووی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەنجامی داوە.[٣٠]

ئەوان بەو شێوە بوون کاتێ پێغەمبەر شتێکی کرد بێت ئەوی تر حسابی بۆ نەکراوە خۆ وەنەبێ ئیمامی عمر حەڵاڵ حەڕام بکا بەڵام ئەم شتەی پێ باش نەبووە ، ئەمڕۆ دەڵێن شێخم وادەڵێ و بەهیچ شێوەک یەك موو لە ئەقوالی شیوخەکەم لانادەم!

٨ هاوەڵی بەڕێز عبدالله بن مسعود رضی الله عنه

جابر بن عبدالله رضی الله عنهما دەفەرموێ: پێغەمبەر صلَّى الله علیه وسلم چوە سەر مینبەر بۆ ووتار، فەرمووی دانیشن { ٱجلسوا } لەوکاتەدا عبدالله بن مسعوود گوێی لێبوو ڕاستەوخۆ دانیشت لەسەر [دەرگای مزگەوت] پێغەمبەر صلَّى الله علیه وسلم بینی و فەرمووی "وەرە بۆ ئێرە عبدالله بن مسعوود".[٣١]

کەمێک بەووردی دیقەت بدەن کاتێ فەرمووی دانیشن عبدالله لەسەر دەرگا ڕاستەوخۆ دانیشت [السمع] گوێ لێبوون [والطاعة] ئەنجامدانی گوێ ڕایەڵی بێ هیچ قید و مەرج و پرسیارکردنێک.

---

٣٠ لە [سنن الترمذي ، وانفرده الترمذي ، (كتاب الحج)] سەنەدی تەواو تەنیا ئەو پیاوەی پرسیارەکەی کردووە ئاماژەی پێ نەکراوە.
٣١ [ئیمامی ئەبو داود السجستانی لە سنن لە كتاب الصلاة هێناویەتی وە ئەبو داود دەڵێت مرسل ە وەسەنەدی بەهێزە]

٩ هاوەڵی بەڕێز أبي سعيد الخدري

(أبی سعید الخدری)ەوە خوای لێ ڕازی بێت: چەند کەسێك لە یارانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەسەفەرێکدا بوون تیپەڕین بەلای خێڵێك لە خێڵەکانی عەرەب، داوای میوانداریان لێکردن، بەمیوان وەریان نەگرتن، وتیان کەستان تیایە دوعاخوێن بێت؟ چونکە گەورەی خێڵ گەزراوە، یان نەخۆشە، پیاوێکیان وتی: بەڵێ، ڕۆیشت بۆ لای سورەتی فاتیحەی بەسەردا خوێند، پیاوەکە چاك بوویەوە، مێگەلێکیان پێبەخشی، وەری نەگرت وتی: دەبێ بچم پرس بە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بکەم، ڕۆیشت بۆ خزمەتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بۆی گێڕایەوە وتی: ئەی پێغەمبەری خوا تەنها سورەی فاتیحەم بەسەردا خوێندوە، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) زەردەخەنەیەکی کرد و فەرمووی: (چۆن زانیت فاتیحە نوشتەیە؟) پاشان فەرمووی: (بڕۆن لێیان وەرگرن بەشێکیش بۆمن دانێن).[٣٢]

تێبفکرن :

ئەوان هێندە ملکەچ بوون تەنانەت لەدووری ئەویشەوە لەهەر شتێک کە هاتبێتە پێشیان یان بەسەریان هاتبێت بێ فەرمانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هیچ کارێکیان نەکردوە هەتاوەکو ئیزن نەدرابن.

---

٣٢ [حديث ، صحيح البخاري ، و مسلم ، ابو داود ، مسند احمد]

١٠ هاوەڵی بەڕێز خزيمة بن ثابت الأنصاري

کە بوە هۆی ئەوەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم شهادەی بە شهادەی دوو پیاو ئەژمار کرد.

ئیمامی ئەبو داود لە سنن لە کتاب ، الإجارة ، وە مسند احمد بن حنبل هاتوە بەسەنەدی صحیحة وە بەم شێوە:

عمارة بن خزيمة دەڵێت: مامم کە یەکێک بوو لە هاوەڵان بۆی باسکردم پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەبازاڕدا ئەسپ یان [فرس] لە أعرابیەك [واتە دەشتیەك کڕی] بەڕێکەوت بۆ ئەوەی بجێت پارەکەی پێبدات ، پێغەمبەر بەخێرایی ڕۆیشت وە ئەعرابیەکە بە لەسەرەخۆ دەڕۆیشت لەو کاتەدا چەند کەسێک بەرەو ڕووی ئەعرابیەکە ڕۆیشتن بۆ ئەوەی [فرس]ـەکەی لێبکڕن وە بێ ئاگا بوون لەوەی کەوا پێغەمبەر پێش وەقت کڕیویەتی، بۆیە ئەعرابی بانگی رسول الله صلى الله عليه وسلم ئەکات، کاتێ کە پێغەمبەر گوێی لەو بانگ کردنە دەبێ ئاورێک ئەداتەوە بەلایدا وە پێغەمبەر دەڵێت ئەوا من ئەوەم فرۆشت ئەگەر تۆ نەتکڕیوە؟ پێغەمبەر دەفەرموێ ئەی من لێم نەکڕیت، دەڵێت ناو الله من بەتۆم نەفرۆشتوە، دەفەرموی بەڵام پێت فرۆشتم، ئیدی ئەعرابی دەڵێت کوا شاهێدی بێنە، لەو کاتە خزيمة بن ثابت دەڵێت من شاهێدم لەسەر ئەوە ، پێغەمبەر ڕووی لێدەکاو دەفەرموێت، بەچ هۆکارێک بویتە [شاهێد]؟ دەفەرموێ (بتصديقك) ئینجا لەو کاتەوە شهادەی خزیمە لەنێو هەموو هاوەڵان بە شهادەی دوو پیاو ئەژمار کرا. کۆتایی حدیث.

لەشەرحی (بصدقك یان بتصديقك) زانایان و شارحی حدیث دەڵێن بەوەی تۆ لەئاسمانەوە بەڕاست دانراوی کەفالەت کراوی من چۆن بەڕاستت نەزانم.[٣٣]

سبحان الله ئەوەی گەورەیی هاوەڵان و ملکەچی و گوێ ڕایەڵیان.

---

٣٣ [عون المعبود]

١١ گێڕانەوەیەك لە جابر بن عبدالله رضی الله عنهما

پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئێمەی بۆ غزوەیەك نارد وە أبو عبيدة بن الجراح ی کرد بە ئەمیر بەسەر مانەوە، وە ئازوقەشمان تەنها یەك [تورەگە] یان [فەردەیەك] خورما بوو، کەپێمانی دا و لەوە زیاتر هیچ شتێکی تر نەبوو ، ڕۆیشتین بەرەو کاروانێکی قورەیش ، وە ئەبو عبیدە بۆ هەر یەکێکمان دانە دانە خورمای پێ ئەدا ، ئێمەش دەمان لیسەوە، وەك چۆن منداڵ دەیلێسێتەوە و لەگەڵ ئاو دەمان خوارد و لەبەیانی هەتا ئێواره بەشی ئەکردین ، تا وای لێهات بەو دارەی کە پێمان بوو گەڵای دارمان هەڵدە وەراند و دەمانکردە نێو ئاو و دەمان خوارد [لەبارەیی گەڵاکە شارحەکان دەڵێن بۆ عەلەفی ووشتر بەکاردێت]، دواتر بەرەو کەنار دەریا بەڕێکەوتین و لەدوورەوە تەپۆلکەیەکی گەورەمان بەدی کرد کەچووین گیاندارێک بوو، پێیان دەگوت [عنبر] [واتە حوتی عنبر گەورەترین گیانەوەرە لەسەر زەویدا]، أبو عبیدة فەرمووی ئەوە مردووە بۆ ئێمە نابێت، بەڵام دواتر فەرمووی بەڵام ئێمە نێردراوی رسول الله ین وە لەپێناو الله دایە، وە تووشی نارەحەتی بووین بۆیە خواردمان.

جابر دەڵێت: یەك مانگ لەوێدا بووین و خواردمان و ژمارەمان سێسەد کەس دەبوو تاوای لێهات قەڵەویش بووین، دواتر گەڕاینەوە بۆ لای پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم و هەاڵمان پێدا بەو باسە، فەرمووی: ئەوە رزقێک بوو خوای تعالى بۆ ئێوەی دەر هێنا بوو ، ئایا هیچتان پێماوە تاوەکو بەمنیشی بدەن ؟ دواتر هەندێکمان دا بەو.[٣٤]

وە لە ڕیوایەتێکی ئیمامی بخاریدا جابر دەڵێت: کاتێ ئەو نەهەنگەمان کەوتە بەرچاو ئەبو عبیدة یەکێک لە پەراسوەکانی دانا و فەرمانی کرد بەرزترین ووشتر بەژێری دا بڕوات، دەفەرموێ پێی دا رۆیشت وەدەڵێت ، دووکەس لەنێو قووڵایی چاویدا بووین .. ئەمە لفظي صحيح بخاری بووە.

٣٤ئەم حدیثة ئیمامی بخاري و مسلم و ابي داود و زۆرێکی تر ڕیوایەتیان کردوە بە لفظی کورتتر و درێژ تر لە جابرەوە.

سبحان الله ئەم دینە بەو پیاوانە بەئێمە گەیشت ئەوەیە ملكەچی هاوەڵان بەدەنكە خورمایەك لەبەیانی تا ئێوارە ، بەخواردنی گەڵایی دار لەبرسان ، بەڵام خوای تعالی كە لەبیابان بوون ئەوان كەچی لەژێر دەریادا گەورەترین ڕزقی بۆ هێنانە سەر زەوی.

بەشی سێیەم: گوێ ڕایەڵی هاوەڵان بۆ ئایەتەکان

ئەگەر بمانەوێت حەقی تەواو بدەین بەو باسە لەسەر هاوەڵان ئەوا هەرچەند بنوسین تەواو نابێت، بەڵام چەند نمونەیەک بەسە بۆ ئەوەی خوێنەری تێبگات هاوەڵان چۆن بوون لەو لایەنەوە.

هاوەڵاني بەڕێز أبو طلحة الأنصاري ، عمر بن الخطاب ، عبدالله بن عمر رضی الله عنهما

أ /

کاتێک ئەم ئایەتە دابەزی: ﴿ لَن تَنَالُواْ ٱلۡبِرَّ حَتَّىٰ تُنفِقُواْ مِمَّا تُحِبُّونَۚ وَمَا تُنفِقُواْ مِن شَيۡءٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ بِهِۦ عَلِيمٞ ٩٢ ﴾ [آل عمران] هاوەڵان چیان کرد؟

ئیمامی البخاري لە صحيح هێناویەتی لە هاوەڵی بەڕێز أنس بن مالك رضی الله عنه دەفەرموێت: ((ئەبو طلحة دەوڵەمەندترین پیاوی نێو ئەنصار بوو وە خۆشەویسترین ماڵی[بيرحاء] بوو، باغێک بوو لەبەرامبەر مزگەوت بوو، پێغەمبەر هەموو جار دەچوو ئاوی لێدەخوارد وە دەست نوێژی لێدە شوشت، ئەبو طلحة هاتە لای پێغەمبەر صلی الله علیه

وسلم فەرمووی خوای تعالی دەفەرمویێت:﴿ لَن تَنَالُواْ ٱلْبِرَّ حَتَّىٰ تُنفِقُواْ مِمَّا تُحِبُّونَ وَمَا تُنفِقُواْ مِن شَيْءٍ فَإِنَّ ٱللَّهَ بِهِۦ عَلِيمٌ ۝٩٢ ﴾ [آل عمران].

ئەم ئایەتەی خوێند و ئینجا گووتی خۆشەویسترین ماڵی من بیرحایە ئەوا من بەخشیم فی سبیل الله عزوجل ، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی: [بخ بخ] بەڕاستی ئەوە ماڵێکی نایابە ئینجا بەخشی بۆ خزم و نزیکەکانی.[٣٥]

ب/

هەروەها ابن کثیر هێناویەتی لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا کەوا عمری کوڕی خطاب رضی الله عنه ، هاتە لای پێغەمبەر و فەرمووی ، ئەی پێغەمبەری خوا من تا ئێستا هیچ ماڵێکم نەبوە و دەست نەکەوتوە بەنرختر بێت لام لەوەی کە لە خیبر بەرم کەوتوە، ئەوا من لەپێناوی الله عزوجل بەخشیم.[٣٦]

سبحان الله ئەوەیە ملکەچی و گوێ ڕایەڵی ئەوان چونکە ئەوان ئەو شتەی زۆر بەنرخ بووایە لایان دەیانکردە قوربانی دین و لەپێناو قیامەت بەکاریان دەهێنا.

جـ /

هەروەها ابن کثیر بەهەمان شێوە هێناویەتی دەڵێت: أبو بکر البزار هێناویەتی لە عبدالله بن عمر رضی الله عنهما دەفەرموێت: کاتێک ئەم ئایەتە دابەزی منیش سەیرێکی خۆم کرد ئەوەی بۆی چووم هیچ شتێکم بەنرختر نەبینیەوە کەوا لام بێت بەنرختر بێت لەجاریەکی

٣٥ [بخاري لەچەندین باب و کتاب ڕیوایەتی کردوە وە لە تفسیرەکانی وەك الطبري ، ابن کثیر واردە]
٣٦ ئەم باسە لە [صحیح بخاری و مسلم] هاتووە.

رومیە بۆیە گووتم ئەوە ئازادە [لوجه الله] خۆ ئەگەر ئەوە نەبووایە ئەوا زەواجم لەگەڵ دەکرد.[٣٧]

ثابت بن قيس رضى الله عنه

هاوەڵی بەڕێز و ئەهلی بەهەشت ثابت بن قیس

أنس بن مالك رضى الله عنه دەفەرموێت: پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ثابت ـی نەبینیبوو پرسی لێی یەکێک لە هاوەڵان گوتی من هەواڵی دەپرسم کاتێک دەچێتە ماڵیان دەیبینێت بەکزۆڵەی سەری داناوە بە ئەهلەی گووت ئەمە چیەتی؟ گوتیان دەنگی لەسەر پێغەمبەر بەرز کردۆتەوە و هەموو کردەوەکانی پووچەڵ بۆتەوە و لەئەهلی ئاگرە، دواتر گەڕاوە لای پێغەمبەر و هەواڵەکەی پێدا، ئینجا بۆ جاری دووەم گەڕاوە بۆلای ثابت بە موژدەیەکی گەورەوە گوتی تۆ لەئەهلی ئاگر نیت بەڵکو لە ئەهلی بەهەشتی.[٣٨]

هەروەها لە ریوایەتی ئیمامی مسلم دەڵێ:[٣٩] کاتێ چونە لای بۆچی دەگری و لەماڵ دانیشتووی گووتی، ئەم ئایەتە { يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ النَّبِيِّ } دابەزیوە وە ئێوەش ئەزانن کەوا من لەهەموو کەس دەنگم زیاتر بەرزە و گەورەیە بۆیە من لەئەهلی ئاگرم ... الخ الحديث.[٤٠]

---

٣٧ [تفسیر آبن کثیر]
٣٨ [لفظي بخاري]
٣٩ [لفظي مسلم]
٤٠ ئەم باسە ئیمامی بخاری لە كتاب التفسير ژمارە ٤٨٤٦ وە لفظەکەش بخاریە، وە ئیمامی مسلم هێناویەتی، وە ئیمامی الترمذي هێناویانە، هەموویان لەتفسیری ئەم ئایەتە { يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ النَّبِيِّ } وە ئیمامی ابن جریر لە تفسیر، و ابن کثیر لە تفسیر هێناویانە، والله اعلم.

هاوەڵی بەڕێز عمر بن الخطاب رضي الله عنه

عبدالله بن ابی ملکیة له عبدالله بن الزبير دەفەرمویت: کاروانێک لەبنی تمیم نزیک بوونەوە بۆ لای پێغەمبەر، [فَقَالَ أَبُو بَكْرٍ : أَمِّرِ الْقَعْقَاعَ بْنَ مَعْبَدِ بْنِ زُرَارَةَ. قَالَ عُمَرُ : بَلْ أَمِّرِ الْأَقْرَعَ بْنَ حَابِسٍ] ئیمامی ئەبوبکر دەڵێ تەنیا دەتەوێ خیلافی من بیت ئیمامی عمر دەڵێت نەخێر وانیە لەوکاتەدا دەنگیان بەرز دەبێتەوە و ئایەتی { يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَرْفَعُوا أَصْوَاتَكُمْ } دابەزی بەسەریان.

ابن زبیر دەڵێت: لەدوای ئەم باسە ئیمامی عمر ئەگەر رسول الله صلى الله عليه وسلم قسەیەك یان حدیثێکی باس کردایە وەك چۆن کەسێک بەنهێنی قسە بکات بە نهێنی هێندە دەنگی نزم دەکرد هەتا تێی دەگەیەنرا.[٤١]

٤١ ئەم باسە ئیمامی البخاري و الترمذي و النسائي و ئیمامی ئەحمد هێناویانە ئەم لفظەش لەبخاري وارد بووە بەژمارە ٧٣٠٢.

لەكۆتاییدا

ئەوەی كەوا هێناومەو باسم كردووە لەبارەی ملكەچی و خۆشەویستی هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ، زۆر زۆر كەمترە لەوەی بەمجلدات لەسەری بنوسین.

وەك چۆن دەڵێی [مشتێكە لەخەرمانێكی گەورە] وە هەروەها، باسەكە لەهەموو لایەنەكان بووە لەكاتی نوێژ و عیبادەت و جیهاد و بەخشین و گوێ ڕایەڵی و خۆ فیدا كردنیان، چونكە ئەوەی ژیانی هاوەڵان شارەزا بێت، چاك دەزانێت هاوەڵان هەموو تایبەتمەندیەكانیان تێدا بوو واتە لە (نوێژ و ڕۆژوو چاكەو بەخشین و جیهاد و گوێ ڕایەڵی و شوێن كەوتنی سوننەت و خۆش ویستنی پێغەمبەر) لە لوتكە بوونە.

بەجۆرێک هیچ سەردەمێكی وا هەتا قیامەت دووبارە نابێتەوە بەبەڵگەی حدیثی [خیر القرون قرني].

سبحان لەگوێ ڕایەڵی لەلووتكە بوون لە حدیثێكی صحیح كەوا هەریەك لە ئیمامی البخاري و مسلم و ابي داود و الترمذي ئیمامی ئەحمد هێناویانە لە (الْمَعْرُورِ بْنِ سُوَيْدٍ) یەكێكە لەكباری تابعین دەفەرموێت: "چوینە لای ئیمامی (أبو ذر الغفاری رضی الله عنه)، بینیمان دانیشتبوو لەلای خۆی خزمەتكارێكی دانا بوو هەردووكیان هەمان جلیان لەبەر بوو [حلة]، هەندێک لەوان گووتیان ئەی ئەبو ذر بۆچی جلێكی ترت لەبەر خزمەتكارەكەت نەدەكرد؟ ئەویش وەڵامی داوە فەرمووی: من خزمەتكارێكم هەبوو قسەم پێی گووت، ئەویش سكاڵای بردە لای پێغەمبەر پێغەمبەریش فەرمووی ئایا جنێوت پێ داوە؟ ئەی أبا ذر تۆ كەسێكی تایبەتمەندی جاهیلیت تێدا ماوە، ئەوانە برای ئێوەن خوای تعالی فضلی لەگەڵتان كردووە خزمەتی ئێوە دەكەن هەریەک براكەی لەژێر دەستی بوو واتە خزمەتكار ئەوا خواردنی پێبدا لەوەی دەیخوات وە جلی پێبدات لەوەی دەیپۆشێت".

وەلە فظێكی تر دەڵێت زیاد لەپێویست تكلیفیان لێ مەكەن وە ئەگەر تكلیفێكی زیاد لەپێویستان لێكرد ئەوا یارمەتیان بدەن.

وە لەڕیوایەتێكی تر دەڵێت: ئەگەر ناتوانن باشبن لەگەڵیان ئەوا بیان فرۆشن و سزای خەلقی الله عز وجل مەدەن.

بۆیە هاوەڵی بەڕێز هەتا مرد بەم شێوە بوو لە خزمەتكارەكانی سبحان الله ئەوەیە ملكەچی وە گوێ ڕایەڵی وە خۆشەویستیان بۆ رسول الله ...

هەروەها ئیمامی أبوداود لە (كتاب الأدب) هێناویەتی وە ئیمامی الترمذي لە(سنن) لە(أبواب البر والصلة) بەسەنەدی صحیح لەهاوەڵی بەڕێز (أبو مسعود البدری رضی الله عنه) دەفەرمویێت: جارێكیان لەیەكێک لەخزمەتكارەكانی خۆم ئەدا لەدواوە دەنگێک دەهات دەیگووت(اعلم ابا مسعود اعلم ابا مسعود) كاتێ سەیری دواوەم كرد بینیم رسول الله یە پێی فەرموم [لله أقدر عليك منك] ئەی ابو مسعود الله عزوجل زۆر بەتواناترو زاڵترە بەسەرتۆ وەك لەوەی تۆ بەسەر ئەم غلامە.

وە لەڕیوایەتی أبو داود دەڵێت: گووتم ئەی رسول الله [هو حر لوجه الله] ئەوە ئازادم كرد لەپێناو الله عزوجل.

بەڵێ بێگوومان ئەم دوو نمونە نمونەی ملكەچی ئەوانن كاتێک فەرمانێكیان پێبكرایە یەكەو سات دەیانكرد و دوایان نەدەخست و ملكەچ و گوێ ڕایەڵ دەبن و بەخۆشەویستیەوە دەیانكرد.

لەبارەی خۆشەویستیان بۆی ئیمامی (ئەبوداود لەسنن لەكتاب الأدب بەژمارە ٥١٢ هێناویەتی وە ئیمامی الدارمي و ئیمامی ئەحمد وەلە شواهدیش مسلم و البخاري و هاوەڵانی (كتب التسعة) دەریان كردووە).

واللفظ لأبي داود: لە (عبدالله بن صامت) دەفەرموویێت: أبو ذر فەرمووی: ئەی رسول الله كەسێک كاری قەومێكی خۆش دەوێت بەڵام ناتوانێت وەك ئەوان بكات؟ فەرمووی: "أَنْتَ يَا أَبَا ذَرٍّ مَعَ مَنْ أَحْبَبْتَ ". قَالَ: فَإِنِّي أُحِبُّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ. قَالَ: " فَإِنَّكَ مَعَ مَنْ أَحْبَبْتَ ".

ئەی ئەبو ذر تۆ لەگەڵ ئەوانەی کەوا خۆشت دەوێن فەرمووی من الله و رسولەکەیم خۆش دەوێت فەرمووی، تۆلەگەڵ ئەوانەی کە خۆشت دەوێن ئەبو ذر دووبارەی دەکردەوە پێغەمبەریش دووبارەی دەکردەوە...

سبحان الله بێگوومان هاوەڵان بەدڵ و بەگیان وە بەقسەو کردەوە سەلماندبوویان کەوا الله و رسولەکەیان خۆش دەوێت، بۆیە هاوەڵی بەڕێز أنس بن مالك دەفەرموێت: "رَأَيْتُ أَصْحَابَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَرِحُوا بِشَيْءٍ لَمْ أَرَهُمْ فَرِحُوا بِشَيْءٍ أَشَدَّ مِنْهُ؛ قَالَ رَجُلٌ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، الرَّجُلُ يُحِبُّ الرَّجُلَ عَلَى الْعَمَلِ مِنَ الْخَيْرِ يَعْمَلُ بِهِ، وَلَا يَعْمَلُ بِمِثْلِهِ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: "الْمَرْءُ مَعَ مَنْ أَحَبَّ".

بینیم هاوەڵانی پێغەمبەر بەشتێک دڵ خۆش بوون نەمبینیبوو بەهیچ شتێکی تر زیاتر دڵ خۆش وەك ئەوە، پیاوێک پرسی ئەی پێغەمبەری خوا یەکێک یەکێکی خۆش دەوێت لەسەر کارێکی چاکە کەوا دەیکات بەڵام ناتوانێت وەك ئەو بیکات ، فەرمووی پیاو لەگەڵ ئەوەیە کە خۆشی دەوێت...[٤٢]

واتە: هیچ شتێک وەک ئەوە ئەوانی دڵ خۆش نەکردووە بۆچی؟ چونکە ئەوان بەدڵ و گیان رسول الله یان خۆش دەویست.

ئەمە ئەوان وابوون بۆیە ئەوەی لەسەر تۆیە ڕاستە وەك ئەوانمان پێ ناکرێت بەڵام هەتا پێمان بکرێت پێویستە شوێن هەنگاوەکانی ئەوان بکەوین ئەم دینە رجالی پێویستە وە دەبێت بەگوفتار و کردار هەم ملکەچ بین وە هەمیش خۆشەویستیمان بۆی هەبێت.

---

٤٢ [متفق علیە، بخاری و مسلم]

داواکارم الله عزوجل وامان لێبکات ملکەچ بین وە خۆشەویستیمان بۆ الله و رسولەکەی زیاتر بێت.

والحمد لله رب العالمين

کاروان کمال أبي عبدالله - ڕێکەوتی ١١ / ٣ / ٢٠٢١